# خەواریجەکان لە وڵاتی کوردان
# لە دامەزراندنی ناسنامەی ئایینیەوە بۆ شکستی سیاسی
# (٢٥٢-٣٤٦ك/٨٦٦-٩٥٧ز)


**د. حەیدەر لەشکری خضر**
**زانکۆی کۆیە**
**فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان**
**بەشی مێژوو**



## پوختەی توێژینەوە

پەیوەندی کورد بە بزوتنەوەی خەواریجەکان بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە و لە هەر قۆناغێکدا خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەبووە. لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆیەمی زایینی ئەو پەیوەندییە، لە پەیوەندییەکی سیاسییەوە ببوە پەیوەندییەکی ئایینی — کۆمەڵایەتی و بڕێك لە کوردەکان تەواو تێکەڵ بە جیهانبینی ئەو گروپە ئایینیە ببوون و بە پێی تێز و بۆچوونەکانی ئەوانەوە سەرەدەریان لەگەڵ دەرەوەی خۆیان دەکرد، تەنانەت کولتوری ئایینی تایبەتیان بەرهەمدەهێنا و هێندێك لە کوردەکان لە هەردوو ئاستی رۆشنبیری و سیاسیدا بوونە پێشەنگی بزوتنەوەکە. بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە لە کاتێکدا بوو کەوا رەوشی سیاسی جیهانی ئیسلامی چیدی لەبار نەدەما بۆ بزوتنەوەی یاخییانەی وەك هی خەواریجەکان و سەرکردەکانی ئەو بزوتنەوەیە — لە کورد و غەیرە کورد — نەیانتوانی گونجانێك لە نێوان بیروباوەڕی ئایینی و کاری سیاسییان بهێننە کایەوە، بۆیە کوردە خەواریجەکان دووچاری شکست دەبن و ناتوانن لە نێو مێژوودا بەردەوام بن.


## دەستپێك : لەبارەی خەواریج و پەیوەندیان بە کوردەوە

ئەگەر پرۆسەی بە "موسڵمانکردن"ی کوردان بە کردەوە لەگەڵ وڵاتگیری عەرەبی ئیسلامیەوە دەستی پێکردووە، ئەوا "موسڵمان بوون"ی ئەو میللەتە، وەك ئاکامێکی پرۆسەکە، بە چەند قۆناغێك بووە و بە رێچکەی جیاجیا تێپەڕیوە، لە چرکەساتێك و وەك رووداوێکی کتوپڕ و خێرا رووی نەداوە، بەڵکو پەیوەست بووە بە چۆنیەتی ئاشنابوون و تێگەیشتن و زەمینەی ئەو تێگەیشتنە لە ئایینی نوێ کە لە ماوەیەکی کەمدا خەڵکەکە خۆیان لەچوارچێوەی هەژموونی دەسەڵاتیانەیدا دۆزیەوە و بەرەبەرە دوورایی باوەڕداریی کەسایەتی زۆرینەی ئەوانی داڕشتەوە.

پرۆسەی موسڵمانبوونی کوردیش بە یەك ئاراستە و شێواز نەبووە، بەڵکو کەوتۆتە ژێر کاریگەری دەرکەوتە جیاوازەکانی ئایینی ئیسلام خۆی، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی راڤەی پێچەوانە و دژ بەیەك بۆ

ئایینەکە و گەلاڵەبوونی کەناڵی جیاواز بۆ خوێندنەوە و قەبوڵکردنی لەو پانتاییەی تێیدا بڵاوبۆتەوە. یەکێك لەو کەناڵانەش کەوا بەهۆیەوە کوردەکان لەزوویەکەوە بە سیستەمی باوەڕیی ئیسلامی ئاشنا بوون و تێگەیشتنێکیان لەسەر ئایینەکە بۆ دروست بوو، ئەو ئیسلامە بوو کە گرۆ"**الجماعة**"یێکی ئایینی جەربەزە و یاخی گوزارشتی لێ کردووە و بە ئیسلامی راستەقینەیان زانیووە، دیارە مەبەستمان "خەواریجەکان — الخوارج"[1]ن.

دەلالەتی ناوەکەیان هەڵوێستی ئەوانمان لەنێو جیهانی ئیسلامی بۆ ئاشکرا دەکات کە بریتییە لە دەرچوون و بزاوت لە پێناو باوەڕداری بۆ چەسپاندنی ناسنامەی رەسەنی ئایین، پاشانیش بە ئایینکردنی ئەو پرۆگرامە سیاسییەی دەخوازن لەو جیهانەدا پەیڕەوی لێ بکەن. بێگومان ئەو تێگەیشتن و تێکەڵکردنەی کایەی سیاسی و ئایینی و دامەزراندنی جڤاکی سیاسی بەپێی بڕیارە ئایینیەکانەوە[2]، کارایی ئەوانی لە نێو مێژوودا دەستنیشانکردووە، چونکە ئەگەرچی دەرکەوتنیان لە کێشەی تەحکیم لە کاتی شەڕی صفین(**٣٧ك/٦٥٧ز**) [3]، دەرکەوتنێکی سیاسی بوو و پرسی مافی حوکمڕانیان لە نێو بیری سیاسی ئیسلامیدا برەوپێدا، بەڵام ئەو دەرکەوتنە هەر لەو کاتەوە دووراییەکی ئایینی هەبوو ئەمەش بەدوو ئاراستە : لەوەی تێزی تیزە سایسیەکەیان دەربڕینێکی ئاینی هەبوو وەك لە یەکەمین دروشمیان "لا حکم إلا لله" گوزارشتی لێ کراوە، دووەمیش لەوەی ئەو خاوەن هەڵوێستانە خۆیان پێگەیەکی ئایینیان هەبوو و بەشێکی زۆری رابەرەکانیان لە قورئان خوێنەکان بوونە[4]، هەر بۆیە ناتوانین "ئیسلامی خەواریجی" وەك رەوتێکی خاوەن خوێندنەوەی جیاواز بۆ ئەم ئایینە چاو لێ نەکەین، یان لایەنی کەم وەك دابڕانێك لە تێگەیشتنی رەوتەکانی تری ئایینەکە تەماشای نەکەین.

---

(1) خەواریجەکان لە زۆربەی کاتدا ناوی "**شورات — الشراة**" لەخۆیان دەنێن، وەك ئاماژەیەك بۆ "خۆکڕینەوەیان لە خودا"، ئەگەرچی ناوە باوەکەشیان کە "**خەواریج — الخوارج**" رەت ناکەنەوە. (الأشعري: مقالات الإسلاميين و اختلاف المصلين، قدم له: نعيم زرزور، المكتبة العصرية، صيدا — بيروت، ٢٠٠٨، ج١، ص١١١)، بەڵام نەك بەمانای دەرچوون و لەڕێ لادان، وەك لەلای گروپ و رەوتەکانی تری نەیار بەوان وا لێکدەدرێتەوە ( البغدادي: الفرق بين الفرق و بيان الفرقة الناجية منهم، تحقيق: لجنة احياء التراث العربي، بيروت، ١٩٨٧، ص٥٥ )، بەڵکو دیسان بە مانایەکی پڕ لە دەلالەتی ئایینی، کە ئاماژەیە بۆ "دەرکەوتن — خروج" بۆ جیهادکردن لەپێناو خودادا، ئەمە سەربارەی چەندان ناو و ناتۆرەی دی کە هەندێکیان لەلایەن رەوت و گروپەکانی دژ بەوان لێیان نراوە، لەو ناوانە: "الحرورية، المحكمة، المارقة"، بۆ زانیاری لەبارەی ئەو ناوانە و رەوشی بەکارهێنانیان بگەڕێوە بۆ: نايف محمود معروف: الخوارج في العصر الأموي — نشأتهم، تاريخهم، عقائدهم، أدبهم، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٧، ص١٨٧-١٩١.

(2) لەم بارەوە بڕوانە:

W. Montgomery Watt: Islamic philosophy and theology – an extended survey، second edition، Edinburgh university press، Edinburgh، 1985، p.12.

(3) لەبارەی ئەم رووداوانەوە بگەڕێوە بۆ: نصر بن مزاحم: وقعة صفين، تحقيق و شرح: عبد السلام محمد هارون، دار الجيل، بيروت، ١٩٩٠.

(4) رضوان السيد: الجماعة والمجتمع و الدولة — سلطة الأيديولوجيا في المجال السياسي العربي الإسلامي، الطبعة الثانية، دار الكتاب العربي، بيروت، ٢٠٠٧، ص٢٨.

بێگومان مەبەستمان لە دەستەواژەی "ئیسلامی خەواریجی"[1] ئایینێك نییە لەخۆیدا كە جیاواز بێ لە جیهانبینی گروپە ئیسلامیەكانی تری غەیرە خەواریجی، لەرووی خوداپەرستی و ئەو ئەركە دینیانەی پەیوەستن بەو خوداپەرستیەوە ( نوێژ، رۆژوو و...هتد)، بە پێچەوانەوە ئەوان بە پابەندبوونی توند و تەنانەت پەرگیرانەیان بەو ئەركە دینیانە ناسراون[2]، ئەوەندەی مەبەستمان تێگەیشتنێكی جیاوازی ئایینەكەیە لە چۆنیەتی كارا كردنی ئایین و ئامادەیی لە زەمینەی كۆمەڵایەتی — سیاسیدا، ئەو تێزەی ئەوانیش بەرەبەرە لە تەواوی جڤاكی ئیسلامیدا قەبوڵكراوە[3].

پەیوەندی خەواریج بە ناوچە كوردییەكانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێكی سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیە و هانا بردنیان بۆ ئەو ناوچانە، لە دوای جیابوونەوە و شكستیان لەبەردەم سوپای خەلیفە عەلی كوڕی ئەبوتالیب لەدوای شەڕی صفین و داڵدەدانیان لەلایەن دانیشتوانی ئەم ناوچانە. پاشانیش بە درێژایی سەردەمی ئومەوییەكان (٤١-١٣٢ك/٦٦١-٧٤٩ز) و دواتریش سەردەمی یەكەمی عەبباسی (١٣٢-٢٢٧ك/٧٤٩-٨٤٢ز)، لە وڵاتی كوردانەوە بزوتنەوەكانی خۆیان دەست پێدەكرد و وەك قوڵاییەكی جوگرافی بەكاریان دەهێنا لە رووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند و پشتیان بە توانا مرۆیی و ئابورییەكانی ئەوێ، تەنانەت پێكهاتە سروشتییەكەیشی دەبەست بۆ بەردەوامیدان بەو بزوتنەوانە[4]. بەڵام ئەوەی لەو پەیوەندییە بەراییەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە كە رۆڵی دانیشتوانی وڵاتەكە — واتا كوردەكان — كەم دەردەكەوێ، ئەگەر ئاماژەشی بۆ دەكرێ ئەوا هەر تەنها باس لە بەشداری سیاسی — سەربازییان لەو بزوتنەوانەدا دەكرێت و كەمتر وەك سەركردە و خودانی بزوتنەوەكان ناویان دێت و لەوە دەچێ پەیوەندییەكە هەر لە ئاستی دەڵدەدانی خێڵەكییانە و هاوبەشی لە نەیارێتی بەسەنتەر مابێتەوە. بەڵام بێگومان ئەم بەیەكەوە ژیانە بۆ ماوەیەكی درێژی مێژوویی پەیوەندییەكەی بردۆتە ئاستی ترەوە، بەتایبەت لە نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی كۆچی/ نۆیەمی زایینی بەدواوە. بەجۆرێك كە بە لێوردبوونەوە لەو دەقانەی لەمەڕ پەیوەندییەكە لەبەردەستمانن، تێبینی پێگەیشتنی باوەڕی خەواریجی لە نێو هەندێك كورد دەكرێت، بەڵكو — لێرە و لەوێ- دەستنیشانی دەركەوتە باوەڕییەكانی پەیوەندیەكەش دەكرێ، ئیدی دەبینین ئیسلامی خەواریجی بۆ ئەو كوردانەی پەیڕەویان لێ كردووە بۆتە ئەو

---

[1] ئەم دەستەواژەیە پیشتر لەلایەن توێژەری تریش بەكارهاتووە، هەر بۆ نموونە بڕوانە: احمد معیطة: الإسلام الخوارجي — قراءة في الفكر و الفن و نصوص مختارة، الطبعة الثانية، دار التكوين، دمشق، ٢٠٠٦.

[2] نایف محمود معروف: الخوارج، ص١٩٦.

[3] Montgomery Watt: Islamic, p.12.

[4] لەبارەی ئەم پەیوەندییە و گرنگترین ئەو بزوتنەوانەی بە درێژایی ئەو ماوەیە لە ناوچە كوردییەكاندا هەڵایساون، چەندین توێژینەوە ئەنجامدراون، بۆیە بە پێویستی نازانین بە درێژی لەو بارەوە بدوێین، بۆ زانیاری زیاتر دەشێ بگەڕێیەوە بۆ: فائزة محمد عزت: الكرد في إقليم الجزيرة و شهرزور في صدر الإسلام(١٦-١٣٢هـ/٦٣٧-٧٤٩م) دراسة في التاريخ السياسي، مطبعة خاني، دهوك، دون تاريخ، ص ص ١٥٠-١٦٤. زرار صديق توفيق: الكورد في العصر العباسي حتى مجيء البويهيين (١٣٢-٣٣٤هـ/٧٤٩-٩٤٦ز)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٩٤، ص ص٩٢-١١١.

سیستەمە کولتورییەی شوناسی ئایینیانی لەسەر دامەزراوە و ئەوانی لە پانتایی ئیسلامیدا پێ دەناسرێتەوە. وەك لە خوارەوە بە درێژی باسی دەکەین.

## تەوەرەی یەکەم: ناسنامەی ئایینی خەواریج

### یەکەم: جوگرافیای ئیسلامی خەواریجی لە وڵاتی کوردان

ئەو جوگرافیایەی دوو لە نوسەرانی سەردەمەکە بۆ باوەڕی خەواریجی دەستنیشانیان کردووە قەبارەی کاریگەری باوەڕەکەمان لەسەر کورد و وڵاتەکەیان بۆ دەردەخات، دیارە مەبەستمان لەو دوو نوسەرەش هەریەك لە مەسعودی (م ٣٤٦ك/٩٥٧ز) و ئیبن نەدیم(م٣٨٣ك/٩٣٣ز)ە؛ یەکەمیان لەچوارچێوەی گەڕان و سوڕانەکانی بە ناوچە کوردییەکان[١]، دووەمیشیان لە میانەی سۆراخی بەرهەمی نوسراوی زانایانی گروپ و ڕێبازە جیاوازەکان، ئەم کارەیان کردووە[٢]، کە دەشێ ئێمە بەم شێوەیەی خوارەوە ئەو پانتاییە جوگرافیە دیاری بکەین:

هەرێمی جەزیرە( میزۆپۆتامیای سەروو) بە سەنتەری چالاکی خەواریجەکان دابنێین لە ناوچە کوردییەکان، بەتایبەتیش دەوروبەری شاری موصڵ لە سەرەوە تاوەکو تەلەعفەر و سنجار. لە خوارەوەش لەسەر کەنارەکانی زێی گەورە و روباری دیجلە چەندان بنکەی خەواریجی بەرچاو دەکەوێ بەتایبەت لەسەر زێ تا ئەو شوێنەی دەڕژێتە ناو روبارەکەوە[٣]. بێگومان ئەو سەنتەرێتییەی هەرێمی جەزیرە قوڵاییەکی مێژوویی هەیە و هەر پەیوەست نییە بەو سەردەمەی ئێمە لێی دەدوێین، بەڵکو لە سەرهەڵدانی بزاڤی خەواریجییەوە وەك بنکەی ئەو بزاڤە ناسێنراوە، بۆیە ئاساییە ئەگەر لەو سەردەمیشدا هەروا بمێنێتەوە، تا ئەو رادەیەی بە "وڵاتی شوراتەکان – بلاد الشراة" ناوبنرێ، تەنانەت ئەگەر زۆرجار ناوی خەواریج دەهێنرێ، ئەوا راستەوخۆ بەناوی هەرێمەکە و بە شاری موصڵ دەلکێنرێ[٤]. رەنگە چاودێریکردنی گەشەسەندنی رەوشی دیمۆگرافی هەرێمەکە تاڕادەیەك شرۆڤەی ئەو سەنتەرێتییە بکات، بەتایبەت یەکانگیری بەرچاوی دەمارگیری خێڵە عەرەبییە خەواریجەکان لەوانەش شەیبانییەکان[٥]، لەگەڵ خێڵە کوردییەکان ئەوێ، یەکانگیرییەك کە گەڕیدە و

---

[١] مروج الذهب و معادن الجوهر، تحقيق: سعيد محمد اللحام، دار الفكر، بيروت، ٢٠٠٠، ج٣، ص١١٠.

[٢] الفهرست، ضبطه: يوسف علي الطويل، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٢، ص٣٨٩.

[٣] المسعودي: مروج، ج٣، ص١١٠. ابن النديم: الفهرست، ص٣٨٩.

[٤] الأشعري: مقالات، ج١، ص١١٢. السكسكي: البرهان في معرفة عقائد الأديان، تحقيق: بسام علي سلامة العموش، الطبعة الثانية، مكتبة المنار، الأردن، ١٩٩٦، ص١٨.

[٥] شەیبانییەکان: تیرەیەکی خێڵی بەکری کوڕی وائیلە لە هۆزی رەبیعە، بەر لە دەرکەوتنی ئیسلام و دواتریش رۆڵێکی بەرچاویان لە رووداوە سیاسییەکاندا هەبووە و یەکێکە لە یەکەمین ئەو گرۆیە عەرەبییانەی لە زوویەکەوە هاتوونەتە هەرێمی جەزیرە و تێیدا نیشتەجێ بوونە. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: سليمة عبد الرسول: الشيبانيون في اقليم الجزيرة – دورهم السياسي خلال القرن الثالث الهجري، ص ٦١٥.

جوگرافیناسەکانی سەردەمەکە تێبینیان کردوە و بە ئاشکرا پەنجەی بۆ درێژ دەکەن[١]. دیارە کە بزوتنەوەیەکیش ئەو پەیوەندیە کوردی – عەرەبییەی تێدا بەڕوونی بەرچاو بکەوێ، بزوتنەوەی خەواریجە "صوفری"ییەکانە بە ڕێبەرێتی مساوری کوڕی عەبدولحەمیدی شاری ( ٢٥٢-٢٨٣ك/٨٦٦-٨٩٦ز)، کە ناوچەیەکی بەرفراوانی لە وڵاتی کوردان[٢] و لە دەرەوەی ئەم وڵاتەشی گرتبۆوە[٣]، بەهەمان شێوە لەڕووی مرۆییەوەش چەندان گرۆی کۆمەڵایەتی، لە کورد و لە عەرەب، لەخۆی کۆ کردبۆوە[٤].

ناوچەیەکی نزیك بە هەرێمی جەزیرە، کە وەك بنکەیەکی سەرەکی خەواریجەکان دەستنیشانکرابێ، ناوچەی شارەزوورە، کە ئەوێش هەمان قووڵایی مێژوویی هەیە لە پەیوەندی بە خەواریج و هەر لە سەرەتاوە داڵدە و بنکەی دەستپێکی بزاوتی ئەم گروپە بووە[٥]. هەرچەندە بە ووردی ناتوانین پانتایی باوەڕەکە لەو قۆناغەی ئمە باسی دەکەین لە دەڤەرەکە دەستنیشان بکەین، بەڵام دیاریکردنی "کەرخ جودان"[٦]، وەك پێگەیەکی تری خەواریج و شوێنێکی چالاکیی کورد و خەواریجەکان[٧]، رەنگە بە نزیکەیی ئەو سنورەمان بۆ دەربخات، بەتایبەت کە دەزانین ئەو شارۆچکەیە مەرزی نێوان دەڤەری شارەزوور و هەرێمی عێراق بووە لە نزیك بە خانەقین[٨].

لە هەرێمی ئاذربێجان، خەواریجەکان – بە ووتەی مەسعودی – ئەو کوردانە بوون کە بە شورات ناسرابوون (الأكراد الشراة)[٩]، کە لەوە دەچێ بە زۆری لە دەوروبەری دەریاچەی ورمێ نیشتەجێ بووبن، تا وای لێهاتووە پێی گوتراوە "بحيرة الشراة – دەریاچەی شوراتەکان"[١٠]. زانیاریمان لەبارەی مێژووی ئەم کوردە شوراتانە کەم و کوڕی زۆری هەیە، تەنانەت بەر لە کۆچی ناچارییانەی هێندێك لە لایەنگرانی بزوتنەوەکەی مساور، لە دوای شکستی سەرکردەیەکی بزوتنەوەکە بە ناوی هاڕونی شاری، لە ساڵی (٢٨٢ك/٨٩٥ز)[١١]،

---

[١] الهمداني: صفة جزيرة العرب، تحقيق: محمد بن علي الأكوع، الطبعة الثالثة، صنعاء، ١٩٨٣، ص٢٤٧. ابن حوقل: صورة الأرض، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٩٢، ص٢٠٥.

[٢] هەر بۆ نموونە بڕوانە: الطبري: تاريخ الطبري، راجعه: نواف الجراح، الطبعة السادسة، دار صادر، بيروت، ٢٠٠٨، ج٥، ص٢٠٢٢-٢٠٢٣، ٢٠٣٤، ٢٠٦٢.

[٣] اليعقوبي: تاريخ اليعقوبي، علَق عليه: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٩، ج٢، ص ٣٥٣.

[٤] ابن الأثير: الكامل في التاريخ، تحقيق: خليل مأمون شيحا، دار المعرفة بيروت، ٢٠٠٢، ج٥، ص.

[٥] بڕوانە: البلاذري: جمل من أنساب الأشراف، تحقيق: سهيل زكار و رياض زركلي، دار الفكر، بيروت، ١٩٩٦، ج٥، ص١٦٣. بۆ زانیاری پتر بگەڕێوە بۆ: فائزة محمد عزت: الكرد، ص ص١٥١-١٥٢.

[٦] کەرخ جودان: ڕوباری سیروان ئەم شارۆچکەی لە خانەقین جیا دەکردەوە، بۆیە لەوەدەچێ قەرەغانی ئێستا بێ؛ لەبارەیەوە بڕوانە: حسام الدين علي غالب النقشبندي: الكُرد في لُرستان الصغرى (الشمالية) و شهرزور خلال العصر الوسيط، مؤسسة ژين، السليمانية، ٢٠١١.

[٧] الطبري: تاريخ، ج٥، ص٢٠٢٢. المسعودي: مروج، ج٣، ص١١٠.

[٨] ياقوت الحموي: معجم البلدان، الطبعة الثانية، دار صادر، بيروت، ١٩٩٥، مج٤، ص٤٤٩.

[٩] مروج الذهب، ج٣، ص١١٠.

[١٠] الأصطخري: مسالك الممالك، دار صادر، بيروت، دون تاريخ، ص١٨١.

[١١] ابن الأثير: الكامل، ج٦، ص١٤٩.

هیچ زانیاریمان لەبارەی چالاكی و پەیوەندی كورد و خەواریج لەوێدا لەبەردەستدا نییە. بۆیە وا زەندەكەین ئەمە دەستپێكی ئەم جۆرە چالاكی و پەیوەندییە بێ. ئەمە بەو مانایە نایەت پێمان وابێت لەوێ هەر ئەو كوردە شوراتە كۆچكردووانە بنكەی كۆمەڵایەتی رەوتە ئاییینیەكەیان پێكدەهێنا، بەڵكو وادیارە هێندێك لە كوردانی ئەوێش پاڵپشتیان لێ كردبن؛ بۆ نموونە ئەوە دەزانین یەكێك لە یاوەرانی هارونی شاری، كە ئیبراهیمی كوردی (شادكۆ، شادلویە)یە، كاتێك دەچێتە ئاذربێجان، كچی یەكێك لە سەركردە كوردەكانی ئەوێ دەخوازێ و لەو ژنە دەیسەمی دەبێ[1]، كە دوا سەركردەی بەناوبانگی خەواریجە كوردەكانە، وەك دواتر باسی دەكەین.

سەبارەت بە رۆژئاوای هەرێمی چیا، كە بەشێكی گرنگی ولاتی كوردانی پێكدەهێنا، ئەوا جێگەی سەرنجە كە كەمتر وەك بنكەی چالاكی خەواریجەكان دەركەوتووە. تەنیا شارێك لەوێدا ناوی هاتبێ شاری "سوهرەوەرد"ە، كە لە قسەی ئیبن حەوقەل(م٣٦٧ك/٩٧٨ز)ی گەڕیدە و ولاتناس دەردەكەوێ، زۆربەی دانیشتوانەكەی كوردی خەواریج بوون[2]، بەلام نە ئیبن حەوقەل و نە هیچ كەسێكی تر — ئەوەندەی ئاگادار بین — ئاماژەیان بە چالاكی ئەم كوردانە نەكردووە. ئەگەرچی هەبوونی ناوی سەركردەیەكی كوردی خەواریج، كە بەسامی كوردییە، لە سەروبەری چالاكییەكانی سەركردەی ناوداری فارس یەعقوبی كوڕی لەیثی صەفار (٢٥٤-٢٦٥ك/٨٦٨-٨٧٩ز)، لە هەرێمەكەدا، ئەگەری هەبوونی ئەوجۆرە چالاكییە تۆخ دەكاتەوە[3]. لەگەڵ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چالاكییانە و پانتایی بلاوبوونەوەی باوەڕەكە لەوێدا — بە بەراورد لەگەڵ هەرێم و دەڤەرە كوردییەكانی تر — سنوردارترە. نەك هەر ئەمە، بەڵكو لە هەندێ رووداودا دەبینین، خەڵكی شارەكانی ئەوێ رووبەڕووی ئەم جۆرە چالاكییانە بوونەتەوە، ئەوەتا لە سەروبەری بزوتنەوەكەی مساوری شاریدا، كاتێك رووی كردۆتە شاری بەناوبانگی حولوان، خەڵكەكەی بەتوندی بەرپەرچیان داوەتەوە، ئەویش ژمارەیەكی زۆری لێ كوشتن، ئەوانیش بڕێك لە لایەنگرەكانیان كوشتووە[4]. تەنانەت شاعیرێكیش بە شیعر گوزارشتی لەم رووداوە رووداوە كردووە:

و حلوان صبحتها غارة    فقتلت أغرار غرارها[5]

## دووەم: قۆناغی پەڕینەوە لە دالدەدانی خەواریج بۆ بوون بە خەواریج

---

[1] مسكويه: تجارب الأمم و تعاقب الهمم، حققه: ابو القاسم امامي، دار سروش للطباعة النشر، طهران، ٢٠٠٠، ج٦، ص٦٤.

[2] صورة الأرض، ص٣١٤.

[3] مؤلف مجهول: تاريخ سيستان، بتصحيح: ملك الشعراء محمد تقي بهار، گلاله خاور، تهران، ١٣١٤هـ.ش، ص٢١١-٢١٢.

[4] الطبري: تاريخ، ج٥، ص٢٠٢٣.

[5] ابن الأثير: الكامل، ج٥، ص.

ئەوەی لەسەرچاوەکاندا تێبینی دەکرێ، لەم قۆناغەدا پەیوەندی کوردان بە ئیسلامی خەواریجی لەوە دەرچووە هەر تەنها بریتی بێت لە لەخۆگرتن و نیشتەجێبوونی گرۆیە خەوارێجییە عەرەبەکان لە وڵاتی کوردان و پاڵپشتی و پشتگیری کوردان بۆیان بەپێی نەریتی داڵدەدانی خێڵەکی و بەهانا هاتن و بەرژەوەندی ئابووریی، وەك لە قۆناغەکانی پێشووتری پەیوەندی نێوان کورد و خەواریجدا وابووە[1]، بەڵکو ئەو باوەڕە تێکەڵ بە دارِشتەی کۆمەڵایەتی هەندێك لە خێڵەکانی بووە و بۆتە باوەڕی باوی پەیڕەولێکراو و داکۆکی لە بنەماکانی دەکەن.

هەرچۆنێك بێت ئێمە ووردەکاری زۆرمان لەبارەی ئەو خێڵە کوردیانە لەبەردەستدا نییە، تەنیا زانیاریمان لەسەر دووانیان هەیە کە بێ دوودڵی دەتوانین بە خێڵی کوردی خەواریجی دایانبنێین، ئەوانیش "شەمردلی" یەکان و "یەعقوبی"یەکانن؛ زانیاری لەبارەی ئەم دوو خێڵە لە سەرچاوەکاندا کەمە، لەبارەی شەمردلیەکان تەنیا ئیبن ئەثیر (م٦٣٠ك/١٢٣٢ز) باسیان دەکات و ئەوەندە دەزانین کە لە ناوچەی شارەزوور بوونە و سەرکردەکەیان ناوی محەمەدی کوڕی خۆرزاد بووە و یەکێك لە سەرکردەکانی بزوتنەوەکەی مساوری شاری بووە، تەنانەت لەوەدەچێ پێگەیەکی ئەوەندە باڵای لەو بزوتنەوەیەدا هەبووبێ کە مساور، لەنێو هەموو کەسایەتیەکانی تر، ئەوی بە جێنشینی خۆی داناوە[2]. یەعقوبییەکانیش لە خێڵە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی شاری موصڵن، بەشداریان لە هەمان بزوتنەوەکەی مساور کردووە[3]، لەوەدەچێ چالاکی ئەو خێڵە پتر لە دەوروبەری شارۆچکەی "بەلەد"[4] بووبێ و چەندین جار بە توندی رووبەڕووی سوپای خەلافەتی عەبباسی بوونەتەوە[5].

لێرەوە دەشێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە باوەڕی خەواریجی هەر لە ئاستی تەشەنەکردن لەنێو ئەم خێڵانە نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە ئەو پێکبەستە عەقیدەییەی جارێکی تر دەمارگیری خێڵەکانی لەسەر دادەرِێژرێتەوە، یان با بڵێین ئینتیما کۆمەڵایەتییەکان دەستکاری دەکات و بە شێوازێکی تر گوزارشتیان لێ دەکاتەوە. لەم بارەوە ئێمە دەشێ جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ لای مەسعودی، لەوێدا دەبینین کاتێك باس لە "الأكراد الشراة - شوراتە کوردەکان" لە هەرێمی ئاذربێجان دەکات، ئاماژە بۆ ناوی هیچ کامێك لەو خێڵانە ناکات کە لە چوارچێوەی ئەو ناوەی خۆی لێیان دەنێ جێگەیان بۆتەوە، بەڵکو ئەمە دەکاتە ئەو ناوە گشتیەی

---

[1] بۆ نموونە بگەڕێوە بۆ: فائزة محمد عزت: الكرد، ص ص١٦٠-١٦٣. زرار صديق توفيق: الكرد في العصر العباسي، ص ص٩٢-٩٩.

[2] الكامل، ج٦، ص٢٩. هەروەها بڕوانە: زرار صديق توفيق: القبائل والزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر، اربيل، ٢٠٠٧، ص١١٧.

[3] ايليا برشنايا: تاريخ ايليا برشنايا، تعريب: يوسف حبي، بغداد، ١٩٧٥، ص ص١٧١ — ١٧٢.

[4] بەلەد: ناوە کۆنەکەی شهر ئاباد بوو، کۆنە شارێك بوو لە باکوری رۆژئاوای موصڵ، لە سەر روباری دیجلە، ئێستا پێی دەگوترێ ئاسکی موصل. ياقوت الحموي: معجم البلدان، مج١، ص٤٨١. عبد الماجود احمد السلمان: الموصل في العهدين الراشدي و الأموي، مكتبة بسام، الموصل، ١٩٨٥، ص ص١٤٧-١٤٨.

[5] الطبري: تاريخ، ج٦، ص٢٠٦٨، ٢٠٩١. ابن الأثير: الكامل، ج٥،ص. ج٦، ص٤٨، ١١٢-١١٣.

پێیەوە دەیانناسێنێ[1]، لە کاتێکدا — وەك بینیمان — کوردە شوراتەکانی ئەوێ زێتری ئەو کوردانە بوون لە نێو بزوتنەوەکەی مساور بوون و کۆچیان کردووە، هەربۆیە رەنگە کەسانێك لەخۆ بگرێ لە خێڵەکانی شەمردلیی و یەعقوبی و هی تریش. بەڵام ناوهێنانیان بەو جۆرە ئاماژەیە بۆ جۆرێك لە هاوپەیمانی خێڵەکی کە بنەمایەکی ئایینی هەیە، بێگومان ئەم یەکگرتنەوەیەی باوەڕ و دەمارگیری کاریگەری هەبووە لەسەر تێگەیشتن و ناسینی خێڵە کوردیەکان بۆ یەکتر، بەتایبەت کاتێك دەیانبینین — لایەنی کەم هەردوو خێڵی شەمردلیی و یەعقوبی — لە رووی شوێنی جوگرافیەوە کەمێك لەیەکدی دوورن: یەکێکیان هی شارەزوور و ئەوی دیان هی دەوروبەری موصڵە.

بەهەر حاڵ بەبێ هەبوونی هیچ دەقێکی مێژوویی لەبارەی کاریگەریە باوەڕیەکانی خەواریج بەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی خێڵەکانەوە، لەرووی تێکەڵی و داڕشتنی ناسنامەی هاوبەش، توێژەر ناتوانێ ئاکامێکی روون بەدەستەوە بدات و کاریگەرییەکان — بەشی هەرە زۆریان — بە نهێنی دەمێنێتەوە. بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە پابەندی ئەو خێلانە بە باوەڕی ئەم گروپە ئایینیە و داکۆکیکردنیان لێی دەستنیشانی کارایی ئەوانی لە نێو مێژوودا کردووە، بەجۆرێك کە لە دەرەوەی بەشداریان لەنێو بزوتنەوە ئایینیەکە بوونیان نییە و مێژووی پێش و پاش رۆڵی ئەوێیان نادیارە، وەك ئەوەی مێژووەکەیان تەنیا لە خەواریجبوونیان چڕ بوویێتەوە.

## سێیەم: خەواریج و گەشە پێدنی ناسنامەی ئایینی پەیڕەوکارە کوردەکانی

قەبوڵکردنی باوەڕەکە و پەیڕەوکردنی بنەماکانی وەك رێکخەری رەفتاری کۆمەڵایەتی لەو شوێنە جوگرافیایەی وڵاتی کوردان وەرچەرخانێکە لە مێژووی بیروباوەڕی ئایینی ناوچەکە، بە تایبەت لە جێگایەکی وەك شارەزوور کە بەوە ناسرابوو خەڵکەکەی لە ئاڵ و گۆڕکردنی باوەڕیاندا سەرسەخت بوونە وەك لەسەروبەری وڵاتگیری عەرەبی ئیسلامیدا دەبینرێ، کاتێك ڕووبەڕووبوونەوەیەکی زۆریان نواندووە[2]، بە ووتەی گەڕیدەیەکی وەك موسعری کوڕی موهەلهەل(م دوای ٣٩٠ك/١٠٠٠ز)، ئەوان رازی نەبوون "بە زەبری شمشێر" ببنە موسڵمان[3]. بەڵام لەو قۆناغەی ئێمە باسی لێوە دەکەین بینیمان تەنانەت هەندێك خێڵی کوردی ئەوێش چوونەتە سەر باوەڕی خەواریجی.

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە جێگای پرسیار بێت ئەوەیە ئاخۆ بوونە خەواریج لەپای چ گۆڕانێکی ئایینی بووە لەو ناوەندە کۆمەڵایەتیەدا؟ یا با بپرسین بوونە خەواریج و پابەندبوون بە بنەماکان لەسەر حیسابی وەلانان و وازهێنان لە چ باوەڕێکی ئایینی تر بووە؟ لەبەر نەبوونی هیچ دەقێکی مێژوویی روون، رەنگە نەتوانین بە دروستی لە تەواوی رەهەندەکانیەوە بابەتەکە بخەینەڕوو، بەڵام ئەگەر سەرچاوەکان ناتوانن لە

[1] مروج الذهب، ج٣، ص١١٠.

[2] بروانە: البلاذري: فتوح البلدان، حققه: عبد الله انيس الطباع و عمر انيس الطباع، مؤسسة المعارف، بيروت، ١٩٨٧، ص٤٦٦ -٤٦٧.

[3] الرسالة الثانية، اعتنى بنشرها: و. مينورسكي، مطبعة جامعة القاهرة، القاهرة، ١٩٥٥، ص١٢.

شرۆڤەکردنی بابەتەکەدا هاوکارمان بن، ئەوا توێژەر ناچار دەبێت هانا بۆ جۆرێکی تر لـە شـرۆڤەکاریی ببـات بـە پشت بەستن بە گۆڕانی ناوی کەسەکان، وەك دەرکەوتەیەکی گـۆڕانی عەقیـدەیی کـە لـەو پانتاییـەدا ڕوویـداوە. ڕەنگە ناوی هەمان ئەو سەرۆك خێڵی شەمردلی کلیلێك بێت دەروازەی بابەتەکەی پێ بکەینەوە.

ئەگەر لـەناوی محەمـەدی کـوڕی خـۆرزاد بـڕوانین دەبیـنین پێکهاتـەی نـاوی بـاوکی و ماناکەیشـی لـە دەرەوەی کولتوری ناونانە لە ترادیسیۆنی ئیسـلامیدا، لەبەرامبـەردا دەشـێ لـە نێـو کولتـوری ئـایینی پـێش ئیسلام، زیاتریش کولتوری میترایی و زەردەشتی، ناوەکە مانایەکی ئـایینی و قـەبولێکی کۆمەڵایـەتی هـەبێت، چونکە "خۆرزاد=کوڕی خۆر" لەوێدا پیرۆزییەکە بۆ هەڵگرەکەی، ئەمەش بەپێی ئەو پێگەیـەی خـۆر هەیـەتی، پێگەیەك کە لە کولتوری ئایینی کورداندا دەرکەوتەی هەبووە[1]، کەچی لـە ترادیسـیۆنی ئیسـلامیدا —بـەدەر لەدابەشبوونە مەزهەبیەکان- نەك هەر ناونانی کەسێك بە کوڕی خـۆر بـاو نییـە، بـەڵکو ڕەنگـە بەدەرچـوونیش دابنرێ لەو سیستەمە کولتوریەی ئیسلام وەك گشتێك کاری پێ دەکات.

لەلایەکی ترەوە نـاوی کوڕەکـەی خـۆرزاد کـە "محمـد"ە تـەواو نـاوێکی ئیسـلامییانەیە، بـەڵکو لـە پیرۆزترین ناوەکانی نێو ئایینەکەیە، بۆیە ئەم ناونانە پێمان دەڵێت کە دەشێ وەرچـەرخانێك لـە پابەنـدی ئـایینی ئـەم بنەماڵەیـە ڕوویـدابێت و رایدەگەیـەنێ ئـەوان لێـرە بـەدواوە هـەڵگری شوناسـی ئیسـلامین، بێگومـان مەبەستمان لەو ئیسلامە خەوارجییەیە کە ڕێگا بە کوڕی خـۆرزاد دەدات رۆڵێکـی ئـاوا بـاڵای تێـدا ببینـێ و ئەرکی ڕێبەرێتی گەورەترین بزوتنەوەی خەواریجی سەردەمەکەی پێ بسـپێردرێ. بـەڵام بـا ئـەوەمان بـیر نەچـێت کە ، وەك گوتمان، بەڵگەیـەکی روونمـان نییـە پاڵپشـتی لـەو ئاکامـە بکـات، ئەگەرچـی توێـژەری تـریش لـەو باوەڕەدان خەواریج کاریگەریان بەسەر پرۆسەی بە موسڵمانبوونی کورددا هەبووە[2].

بەڵام خۆ دەتوانین بڵێین ئیسلامی خەواریجی —کەم تا زۆر- ڕۆڵی خـۆی لـە تێگەیشـتنی کـوردان لـەو ئایینەدا گێڕاوە، لایەنی کەم توانیویەتی جیهـانبینی ئـەو کوردانـەی پشـتگیریان لێ کـردووە، بگـۆڕێ. ڕەنگـە پابەندی پتەوی خەواریجەکان بە بنەما گشتیەکانی ئیسـلامەوە هانـدەرێکی باشـیان بوویـێت بـۆ بانگـەوازیکردن بۆ ئیسلام لەنێو خەڵکانێکدا کە هێشتا نەبوونەتە ئیسلام یان تێگەیشتنێکی تریان بـۆی هەیـە، لـە شـوێنێکدا کە بۆتە بنکە و داڵدەیان. لەلایەکی ترەوە هەندێك لـە خەواریجـەکان بـە گشـتی بنـەمای باوەڕییانـەی ئـەوتۆیان هەبووە کـە ڕەنگـە پـەیڕەوکارانی ئایینـانی دی لێ نزیـك خسـتبنەوە و جۆرێـك لـە هاوسـەنگی بـۆ پەیوەنـدی نێوانیان ڕاگرتووە، ئەوەتا هەندێکیان کوشتنی زەردەشتی(مەجوس) و جولەکە و مەسـیحیان حـەرامکردووە[3]،

---

[1] تا ئێستا لێکۆڵینەوەی زانستی وورد لەوبارەوە کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ بگەڕێیەوە بۆ: توفیق وهـبي بـك: الآثـار الكاملـة، إعـداد: رفيـق صالح، مؤسسة ژين، السليمانية، ٢٠٠٦، ج١، ص ص ٩٢-٩٧. هەروەها بڕوانە: احمد ملا خليل: من آذربيجان الى لالش، تحقيـق و تعليـق: خليـل جندي، دار سپيريز، دهوك، ٢٠٠٦، ص ص٤٩-٦٩.

[2] ئارشاك پۆلادیان: کورد لەسەرچاوە عـەرەبیەکاندا، و: ئازاد عـوبێد ساڵح، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١١٥-١١٦.

[3] السكسكي: البرهان، ص٢١.

تەنانەت گروپێکی وەك صوفرییەکان، کە مەزهەبی هەرە باوی خەواریجییە لە پانتایی کوردیدا، باوەڕیان بە بنەمای ئەوتۆ هەبوو مەودای موسڵمانبوونی لە سەر ڕێبازی خەواریجی فراوانکردووە، بەتایبەت ئەو بنەمایانەی ڕێگە بە ژنخواستن لە "موشریکەکان" و خواردنی خۆراکیان و میراتگریان دەدات[١]، ئەمەش دڵنیاییەك لەلای غەیرە خەواریجیدا دروست دەکات بۆ نزیك بوونەوە و پەیوەندی بەستن و تەنانەت قەبوڵکردنی باوەڕەکەش. خۆ هەر ئەو گروپە نەرمی نواندووە لە سەرەدەریکردن لەگەڵ موسڵمانی غەیرە خەواریجی و بەتەواوی پەیوەندی خۆی لەگەڵیان ناپچڕێنێ ئەگەر تەنانەت ئەم کارە لەسنوری پابەندبوونی ئایینیشەوە تێنەپەڕێت، بە تایبەت کاتێك ئەوان "نوێژ لە پشت ئەوەی ناشی ناسن" دەکەن[٢]، ئەمەش – وەك یەکێك لە توێژەرەکان بۆی چووە – وادەکات بتوانن لەگەڵ جڤاکی ئیسلامیدا هەڵبکەن، نەك دوژمنایەتی و دابڕانی تەواوی خۆیانی لەبەرامبەردا رابگەیەنن[٣]. بەمەش دەروازەیەکیان بەڕووی ئەوانیتری غەیرە دین و غەیرە مەزهەب کردۆتەوە بۆ یەکترناسین و و دواتریش بوون بە خەواریج. سەبارەت بە بابەتەکەی ئێمەش، ئەگەر پرۆسەیەکی موسڵمانبوونی کوردەکان لەسەر باوەڕی خەواریجی هەبێت، ئەوا لایەنی کەم لە دوو لادا بە قازانجی خەواریجەکان دەگەڕایەوە: بەوەی زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ مانەوە و گەشەسەندن فەراهەم دەکرد، هەروەها بەوەی بەشداریکردنی ئەو خەڵکانە لە بزوتنەوەکان و داکۆکی کردنیان لێی لەکاتی تەنگانەدا بەردەوامیێتی بە بزووتنەوەکانیان دەبەخشی و لەدوای هەر شکستێکدا نوێی دەکردەوە. ئەمە بە ئاشکرا لە بزوتنەوەکانی وڵاتی کورداندا دەردەکەوێ کە هەر لەساتی لەدایکبوونیەوە تا ئەوسەردەمەی باسی دەکەین دەسەڵاتی خەلافەت نەیتوانیووە کۆتایی پێ بێنێ و وایلێهاتووە وەك زنجیرەیەکی نەپچڕاوە بێنە بەرچاو[٤].

خستنەڕووی دووراییەکانی هێزی ئایینی خەواریجی و دەستنیشانکردنی دەرکەوتەکانی لە پانتایی کوردیدا، بەو زانیاریە کەمەی لەبەردەستدایە، کارێکی ئاسان نییە، بۆیە ئەستەمە – جگە لە هێڵە گشتیەکانی – بونیادی ئایینی بزوتنەوەکانی خەواریج بێ کەم و کورتی بخوێنرێتەوە. بەڵام ئەوەی دەشێ لێرەدا بە هانای توێژەر بێت لە دەستنیشانکردنی نەخشی باوەڕەکە و کاریگەریەکانی لەسەر هەڵوێستی کوردە خەواریجەکان، هەبوونی چەند خاڵێکی سەرەکیە لە باوەڕەکەدا کە لەهەر شوێنێك تەشەنە بکات خەڵکەکەی پابەندیان دەبێت.

رەنگە دیارترین باوەڕێك کە تێگەیشتنی خەاوریجەکان بۆ ئیسلام لە تێگەیشتنی ئەوانی تر جوێ بکاتەوە، مەسەلەی گوناهکرن و قەوارەکەیەتی، هەروەها کوفر و ماهیەتی و دەستنیشانکردنی پێگەی

---

[١] ابو عمار الكافي: الموجز في تحصيل السؤال وتلخيص المقال في الرد على أهل الخلاف، تحقيق: د. عمار الطالبي، الشركة الوطنية للجزائر ، الجزائر، ١٣٩٨هـ، ج٢،ص١١٦.

[٢] الأشعري: مقالات ، ج١، ص١١٠.

[٣] محمود اسماعيل: الخوارج في بلاد المغرب حتى منتصف القرن الرابع الهجري، الطبعة الثانية، دار الثقافة، الدار البيضاء، ١٩٨٥، ص٤٥.

[٤] بگەڕێوە بۆ: فائزة محمد عزت: الكرد، ص ص ١٥٠-١٦٤. زرار صديق توفيق: الكورد في العصر العباسي، ص ص٩٢-١١١.

کافران له نێو گرۆی باوەڕدارانداو، هەموو ئەمەش لە چوارچێوەی خوێندنەوەی وان بۆ ماهیەت و پرۆسەی دەسەڵاتداری لە کۆمەڵی ئیسلامیدا دێت ، بەو پێیە خەواریجبوون، لەپاڵ بنەما جێگیرەکانی ئیسلام کە رەنگە گرۆیە نەیارەکانیشیان بە کەمێك جیاوازی رووکەشی لەسەریدا هاوڕا بن(باوەڕ بە خودا، پێغەمبەر، نوێژ، رۆژوو...هتد)، بریتییە لە ناسینی گوناه و کوفر و رەفتارکردن لەگەڵ دەوروبەر بە پێی ئەو ناسینە، هەروەها دوورکەوتنەوەیە لەوەی باوەڕی خەواریجی بە گوناهی دادەنێ و جەختکردنەوەش لە سەر کافرێتی ئەوانەی لەو باوەڕە لا دەدەن و پێی رازی نابن. لێرەدا ئەو کەسایەتییە باوەڕدارەی دەردەکەوێ کەسێتیەکی پەرچەکردارانە دەبێت و باوەڕداری لەلایدا هەڵوێست وەرگرتنە لە ئەوانیتر، بەدەستەواژەیەکی دی شوناسی ئایینی خۆی لە سەر رەتکردنەوەی شوناسی بەرامبەری نەیار بونیاد دەنێ.

بۆیە ئەگەر خەواریج لە مێژوویەکی زووی دوای سەرهەڵدانیان تووشی پارچەپارچەیی و هەڵوێستی جیاجیا بوونەتەوە و کێشە و ناکۆکی ئەوتۆیان کەوتۆتە ناو کە خوێنێکی زۆری لەسەر بڕێژن، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژ هەر دەستیان لەکەسایەتیە باوەڕداریەکەی خۆیان هەڵنەدەگرت. ئەمە بە ئاشکرا لەو بنەمایە سەرەکیەی ئەواندا دیارە کە نوسەران ئاماژەی بۆ دەکەن و رایدەگەیەنن کەوا تەواوی خەواریج لەسەری کۆکن، ئەویش بریتییە لەوەی هەموویان ئیمامەتی ئەبوبەکری صدیق و عومەری کوڕی خەطاب بەڕاست دەزانن، بەڵام نکۆڵی لە ئیمامەتی عوسمان دەکەن و زۆربەیان بە کافری دادەنێن بەتایبەت دەمی ئەو ڕووداوانەی بە هۆیانەوە تێچوو، بەهەمان شێوە رازین بە ئیمامەتی عەلی کوڕی ئەبوتالب بەر لە رازیبوونی بە تەحکیم لەگەڵ موعاویە، بەڵام دوای ئەوە رەتی دەکەنەوە و دەیخەنە خانەی کوفرەوە[1]. هەروەها تەواوی خەواریجەکان هاوڕان لەسەر بنەمای دەرچوون لە ئیمامی ستەمکار[2]، ئەمە سەرباری هاوڕابوونیان لەسەر کۆمەڵێك بنەمای ئاکاری و حوکمی شەرعیان وەك بێبەریبوون لە درۆزن و خراپەی ئاشکرا[3]. لەمەشدا دەردەکەوێ باوەڕی ئایینی خەواریجی لە هەڵوێستی سیاسیان جوێ نابێتەوە، هەر ئەو باوەڕەشە وایان لێ دەکات لەسەر هەڵوێستیان بەرامبەر بە ئەوانیتری نەیار بەردەوام بن و نەیارێتی ببێتە ئەو شوناسەی هەم باوەڕی ئایینی و هەمیش بیری سیاسی ئەوانی پێ بناسرێتەوە. واتا ئەگەر ئیسلامی خەواریجی دەیەوێ "ئوممەتێك" لە پەیڕەوکارانی چێ بکات، ئەوا بریتی دەبێ لە دامەزراندنی ئوممەتی نەیار، ئوممەتێك کە رێسا و رەفتارەکانی خۆی لەو بنەمایە جێگیرانە هەڵدەهێنجێ، بۆیە دەکرێ بڵێین ئوممەتی خەواریج ناجێگیرە و لە بزاوتی بەردەوام دایە دژ بە دەوروبەری تا ئەو کاتەی دەوروبەرەکە لەگەڵیدا هاوڕا نین.

---

[1] الأشعري: مقالات، ج١، ص١٠٩. السكسكي: البرهان، ص١٩.

[2] الأسفراييني: التبصير في الدين و تمييز الفرقة الناجية عن الفرق الهالكين، تحقيق: كمال يوسف الحوت، عالم الكتب، بيروت، ١٩٨٣، ص٤٥. الشهرستاني: الملل و النحل، تخريج: محمد بن فتح الله بدران، ط٣، منشورات الشريف الرضي، قم، ١٣٦٤هـ.ش، ق١، ص١٠٦.

[3] المبرد: الكامل في اللغة و الأدب، تحقيق: جمعة الحسن، دار المعرفة، بيروت، ٢٠٠٢،ج ٢، ص٥٦٧.

بێگومان ئەو تێگەیشتنە بۆ ئیمانداری و دەرکەوتەکانی لە رەفتاری پەیڕەوکارانیدا لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەوکاتی کوردیدا زەمینەیەك دەبینێتەوە بۆ چەکەرەکردن و گەشەسەندن، ئەو سیستەمەی خێڵەکییە و ئەزموونە مێژووییەکەی لە پانتایی ئیسلامیدا دەریدەخات کە نەیارێتی خەسڵەتی دیاریەتی، ئەوەتا نەیارێتی بە دەسەڵاتی خەلافەت تا ئەو قۆناغەی باسی لێوە دەکەین بەشی شێری لە مێژووی کورددا بەرکەوتووە[1]، ئەمەش راستەوخۆ لە نێو کولتوری خێڵەکیدا بەهانەی بۆ دەهێنرێتەوە، کولتورێك کەوا دەخوێنرێتەوە حەزی "سەربەخۆبوون= ئازادی هەڵس و کەوتی خێڵ " ناگۆرێتەوە بە "گوێڕایەڵی = ملکەچبوونی خێڵ بە دەسەڵاتی دەرەکی"[2]، ئیدی ئەو خەسڵەتە هاوبەشەی کورد و خەواریجەکان وادەکات جۆرێك لە نزیکبوونەوە و تێکەڵ بوون لەنێوانیاندا هەبێ و بۆ ئەو گروپ و کەسانەی دژایەتییان دەکەن بەتایبەت شیعەکان، وەك تەواوکەری یەکتر وێنا بکرێن[3].

هەرچۆنێك بێت رەنگە روونترین دەستەواژەیەك لەمەڕ بیروباوەڕی "کوردە شوراتەکان" لەخۆیاندا ئەوە بێت کە مەسعودی لەبارەی باوەڕی ئەو میللەتە هێناویێتیەوە و دەڵێ: (( لەکوردان هەن رایان لە رای خەواریجەکانە و بێبەرین لە عوسمان و عەلی)) [4]، دواتریش لە قسەی ئیبن ئەثیر وا دەخوێنرێتەوە یەکێك لە دوایین ئەو کەسایەتییانەی پابەندی ئەم بنەمایەی خەواریج بووە میر دەیسەمی کوڕی ئیبراهیمی کوردییە کە لایەنی کەم تا ساڵی (٣٣٠ك/٩٤٢ز) لەسەر ئەو ڕایە بووە و وەك خەواریجەکان نەفرەتی لە عەلی کردووە[5]. بێگومان جەختکردنەوەی ئەم دوو مێژوونوسە لەسەر ئەم خاڵەی باوەڕی کوردەکان پابەندبوونی ئاشکرای ئەوان دەردەخات بەو بنەما چەسپیوەی ئیسلامی خەواریجی، بنەمایەك کە لە هزری ئایینیاندا لە پێش هەموو جۆرە گوێڕایەڵی و پابەندیەکی تری ئایینی دێت، تەنانەت بێ باوەڕهێنان پێی "مارەیی ژن"یشیان نایەت[6]، واتا سیستەمی کۆمەڵایەتی هەڵگرانی باوەڕەکەی لەسەر دامەزراوە و خەواریجبوون بە بێ ئەو بنەمایە مانایەك نابەخشێ.

لەمە زیاتر شتێکی دی لەسەر باوەڕی کوردە خەواریجەکان خۆیان بەرچاو ناکەوێ، بۆیە دووبارە دەبێ بچینەوە سەر بنەما گشتگیرەکانیان، بەڵام ئەم جارە لە رێگەی تایبەتمەندێتی ئەو بزوتنەوە خەواریجییەی لە وڵاتی کوردندا بنکەیان دامەزراندبوو و کوردەکانیش پشتگیری و پەیڕەویان لە بیروباوەڕەکانیان دەکرد، وەك

---

[1] بگەڕێوە بۆ: زرار صدیق توفیق: کورد و کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا (١٦ -٦٥٦ك/٦٣٧ -١٢٥٨ز)، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.

[2] بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە، بڕوانە تێڕوانینی ئیبن خەلدون (م٨٠٨ك/ ١٤٠٥ز) بۆ کۆمەڵگا خێڵەکییەکان، لەوانەش کۆمەڵگای کوردی؛ مقدمة ابن خلدون، بتحقیق: علي عبد الواحد وافي، الطبعة الثالثة، دار نهضة مصر، القاهرة، ١٤٠١هـ، ج٢، ص٤٧٢ -٤٧٣، ٤٧٨ -٤٧٩.

[3] النعماني: كتاب الغيبة، تحقيق: علي أكبر الغفاري، مكتبة الصدوق، طهران، دون تاريخ، ص١٤٨.

[4] (( وفي الأكراد من رأيهم رأي الخوارج و البراءة من عثمان و علي))، مروج، ج٢، ص١٣٠.

[5] ابن الأثير: الكامل، ج٦، ص٤٦٩.

[6] الشهرستاني: الملل، ق١، ١٠٨.

پێشتریش ئاماژەمان بۆی کرد، ئەو گروپە خەواریجییەی لـە هـەمووان زیـاتر لـە نێـو کـورددا چـالاك بـووە، کـە گروپی خەواریجە صوفرییەکانە.

صـوفرییەکان بـە یـەکێك لـە گروپـە گـەورەکانی خـەواریج دادەنـرێن[١]، ئـەمان سـەرباری بـاوەڕە هاوبەشەکانی خەواریج، خاوەن بیرو باوەڕی تایبەتی ئەوتۆن کە هەم لە گروپە خەواریجیـەکانی تـر و هـەمیش لـە غەیری خەواریج جودایان دەکاتەوە. هەرچۆنێك بێت رەنگە ئەوان لەدوای گروپـی بـەناوبانگی ئـەباضـییەکـان - کە تائێستا ماون - یەکێك بن لە گروپە میانڕەوەکانی خەواریج، دروستتر بڵێین یـەکێکن لـەو گروپانـەی کـەمتر بیروباوەڕەکانیان توندڕەوی و پەڕگیری پێوە دیـارە[٢]، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەوان لەمەسـەلەی کـافر و بـاوەڕداردا، وەك یـــەکێك لــــە جومگـــــە ســـــەرەکیەکانی ئیســـــلامی خـــــەواریجی، کـــــوفر بــــە هاووات‌ـــای هاوتاپەیـداکردن"الشـرك"دادەنـێن و رایدەگەیـەنن کـەوا هـەموو شـرکێکیش شـەیتان پەرسـتیە[٣]، بـەلاّم شەرنەکەرانی نەیارەکانیان بە کـافر دانـەناوە ئەگـەر لـە بـاوەڕ و ئایینـدا لەگـەڵیان یەکبێنـەوە، هـەروەها بـە پێچەوانەی برێك لە خەواریجەکان، لەو باوەڕە نەبوونە کە "کوفر"ی دایـك و بـاوك هـی منداڵەکانیشـیانە یـاخود بابڵێن حوکمی شەرعی لەسەر منداڵـەکان بـدرێت لەسـەر بنـەمای بـاوەڕی باوانـەوە، بۆیـە دژ بـە ئـازاردان و کوشتنی منداڵی "موشریك"ەکان بووینە، هەمان باوەڕیان لەمەڕ ئافرەتانی دژەباوەڕەکانیشیان هەبوو[٤].

بەهەمان شێوە لەو باوەڕەدابوون کە ناشێ کوفر حوکمێکی گشتگیر بێت بـۆ هـەموو تاوانێـك و هەنـدێ تاوان هەن ناشێ تاوانبارەکەی پێ کافر ببێ وەك هەندێك گروپی تر لەو ڕایەبوون، بـەڵکو حـوکمی تـاوان لەسـەر ماهیەتەکەی وەستاوە، بۆنموونە ئـەوەی دزی بکـات دزیکـەرە نـەك کـافر و ناچـێتە ریـزی ئـەو کەسـەی هاوتـا بۆخودا پەیدا دەکات[٥]، واتا پۆلێنکردنی ئەوان بۆ کەسەکان هەر لـە چوارچـێوەی دوانـەی بـاوەڕدار و کـافرەوە نییە، بەڵکو دەشێ — ئەگەر لە سـنورێکی بەرتەسکیشـەوە بێـت — تاوانبـاری بـاوەڕدار هـەبێت، بـێ ئـەوەی بەومانایە بێت کە ئەمجۆرە تاوانبارە هاوئاستی موشریك نییە و ماڵی حەلاڵ نەکراوە[٦].

ئەمە سەرباری ئەوەی پابەندبوونی توندی ئەوان بـە بنـەما جێگیرەکـانی ئیسـلام وای لـێ کـردوون ئـەو میانڕەویەیان لەبەرامبەر کەسی دەرچـوو لـەو بنەمایانـە نـەبێت، بـە تایبـەتیش نوێژنـەکردن، لـە چوارچـێوەی باوەڕی ئەواندا نوێژنەکردنیان لە ڕیزی تاوان و کارە خرەپەکان دەرهێناوە و خستویانەتە ریـزی "کـوفر"کردنـەوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو سەر و ماڵیشـی حـەلاڵکراوە[٧]. هەربۆیەشـە دەبیـنین خۆیـان نوێژکـەری چـاك بـوون،

---

[١] الشهرستاني: الملل، ق١، ص١٠٦ .

[٢] الملطي: التنبيه و الرد على اهل الأهواء و البدع، تحقيق: محمد زينهم محمد عزب، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٣، ص٤٢

[٣] الأشعري: مقالات، ج١، ص١٠٥.

[٤] الشهرستاني: الملل، ق١، ص١٢٣. الأسفراييني: التبصير، ص٥٣.

[٥] الأسفراييني: التبصير،ص٥٣.

[٦] ابن عبد البر: التمهيد، تحقيق: مصطفى احمد و محمد عبد الكبير، منشورات وزارة عموم الأوقاف، الدار البيضاء، ١٣٨٧هـ، ج٩،ص٢٥١.

[٧] الملل و النحل، ق١، ص١٢٣.

ئەوەتا خەواریجەکانی مساور، لـە کـورد و عەرەبـەکان، لـە خـراپترین بارودۆخیشـدا، لەگەرمـەی شـەڕ لەگـەڵ سوپای عەبباسی، نوێژیان لەبیر نەکردووە، ئەگەر لە ڕۆژدا شەڕیان دەکرد ئەوا لە شـەوێدا خـەریکی شـەونوێژ و قورئانخوێنی بوون[1].

لەلایەکی ترەوە ئەو کەمە نەرمییەی ئاماژەمان بۆی کـرد، لەگـەڵ ئـەو هەڵوێسـتە باوەڕیانـەی تریشـیان لەبارەی پەیوەنـدی گـرتن لەگـەڵ خـەڵکانی دژ بـەوان، وایکـردووە ئـەو مەزهەبـە هێڵێکـی پەیوەنـدی لەگـەڵ گروپەکانی تردا بهێڵێتەوە، بۆیـە توێـژەرێك وای بـۆ دەچـێ بیروبـاوەڕی صـوفرییەکان پێشـکەوتنێکی کـرداری بەرچاوە لە هزری خەواریجیدا، چـونکە مـەیلیان بـەلای کەمکردنـەوەی ئـەو پەڕگیرییـەوە بـوو کـە ببـووە هـۆی شکستی بزوتنەوەکانیان[2]، ڕەنگە کە هەر ئەمەش یەکێك لەو هۆکارانە بێـت کـە وادەکـات بزوتنەکـەیان - تـا ئەو سەردەمەی لێی دەدوێین - بەردەوام بێت. خۆ لە بزوتنەوەکـەی مساوریشـدا هەسـت بـەو نەرمیـە دەکرێـت بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ مسـاوردا بـوون دژ بـە بـاڵێکی نێـو بزوتنەوەکـە بـە سـەرکردایەتی کەسـێك بـەناوی "عوبەیدە" کە لەساڵی(٢٥٦ ك/٨٧٠ز)دا لێی جیابۆوە لەسەر ئەوەی ئاخۆ تۆبـەی خراپـەکار قەبوڵـدەبێت یـان نا، (( مساور گووتی تۆبەی قەبوڵ دەکەین، عوبەیدە گووتی: قەبوڵی ناکـەین))، بۆیـە شـەڕ لـە نێوانیـان بـەرپا دەبێت، تا مساور سەردەکەوێ و عـوبەیدەش دەکـوژرێ[3]، بێگومـان مانـەوەی کوردەکـان لەگـەڵ مسـاور لـەو ململانێیە باوەڕییە و لەدواتریش، مانای هاوڕابوونیانە لەگەڵ ئەودا.

## چوارەم: خەواریج و بەرهەمهێنانی کولتوری سەربەخۆی ئایینی

ئەگەرچی ڕەوتی خەواریجی لە پانتایی ئیسلامیدا پـتر وەك ڕەوتێکـی سیاسـی-یـاخی خـۆی نوانـدووە، بەڵام لەپاڵ ئەمەدا خودان هزرێکی ئایینی داڕێژراو و کەمـە چـالاکیەکی زانسـتی — فیقهـی بـووە. کەسـانێك لەگروپە جیاجیاکانیدا بەو کارە هەڵساون، ئەوەتا لە صوفرییەکان هـەبوون لـە "ئـەهلی زانسـت"بوونـە[4]، وەك بینیشمان ئەم گروپە لە ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامیدا وڵاتی کـوردان سـەنتەری چـالاکیان بـووە و باوەڕەکـەیان تیایـدا هـەر لەئاسـتی پـەیڕەوکردن نەماوەتـەوە، بـەڵکو کەسـانێك هەوڵیانـداوە مەسـەلە ئـایینی و غـەیرە ئایینیەکان لەدیدی خەواریجییەوە ڕاڤەبکەن و سنوری حوکمە شەرعییەکان بە پـێی تێگەیشـتنی مەزهەبیانـەوە دیاریبکەن، بێگومان ئەمەش هەم بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی و ڕەفتاری کۆمەڵایـەتی گروپەکـە بـووە و هـەمیش بۆ وەبیرهێنانەوەی بنەما چەسپیوو و جێگیرەکانی ئاین، ئـەو بنەمایانـەی خۆیـان باوەڕیـان پـێیـەتی و داکـۆکی لێ دەکەن و لـە گروپـە ئیسـلامییەکانی دی جویێـان دەکاتـەوە. بەهـەمان شـێوە هەوڵیانـداوە یادەوەرییـەکی

---

[1] الطبري: تاريخ، ج٥، ص٢٠٢٢.

[2] محمود اسماعيل: الخوارج، ص٤٥.

[3] ابن الأثير: الكامل، ج٥، ص١١٨.

[4] المبرد: الكامل، ج٢،ص٥٦٧. هەروەها بڕوانە: الأشعري: مقالات، ج١، ص١٠٦.

مێــژوویی بــۆ خۆیــان چــێبکەن و ڕووداوەکــانی پەیوەســت بــە بزوتنەوەکــەیان تۆماربکــەن یــاخود جیــاواز لــە گێڕانەوەی گروپەکانی تر بیگێڕنەوە، بەتایبەت هــی مێژوونوســانی فــەرمی کــە لەســایەی دەســەڵاتی دژ بــەوان دەنوسرایەوە.

بەڵام ئەوەی لەم بــوارەدا جێگــای لێ ووردبوونــەوە بێــت وونبــوون و نــەمانی بەرهــەمی نوســراوی ئــەم گروپەیە بەگشتی، بەتایبەتیش ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی جیهــانی ئیســلامی بــە وڵاتــی کوردانیشــەوە. ئــیبن نــەدیم، راڤەیەکی ئەم بابەتەی بەمجۆرە کردووە: (( ئەو قەومە کتێبەکانیان شــاراوەیە و کــەم دەکەوێتــە دەســت))، هــۆی ئەمەش دەگێڕێتەوە بۆ رقی خەڵك و سەرەدەری خراپیــان لــە گەڵیانــدا[1]، دیــارە مانــەوەی بەرهەمــەکانیان بــە شاردراوەیی راستەوخۆ پەیوەستە بە پێگەی سیاسی – ئایینی ئەوانەوە، بەمانایەکی تــر لەبــەر ئــەوەی گوتــاری ئایینیان گوتارێکی دژە سەنتەرە، بۆیە لەزۆربەی قۆناغەکانی مێژووی سەنتەردا(خەلافــەتی ئیســلامی) لــەڕووی باوەڕداریی و ئامادەیی سیاسییەوە خراونەتە دەرەوەی مێژوو، ئیــدی تــا ئەوکاتــەی قــەوارەی سیاســی ئــەوتۆیان نییە کە جۆرێك لە بەردەوامیی بەخۆوە بینیبێ، ئاسایییە کتێــب و نوسینەکانیشــیان – لەهــەر بوارێــك بێــت – لەلایەن دەســتەبژێری فەرمییــەوە پــارێزی لــێ نــەکرێ و دووچــاری فــەوتان و لــەناوبردن و تەنانــەت ســوتانیش ببێتەوە[2]، بۆیە تەنیا ئەو وێنا و هزرانەی ئەوان ماونەتەوە کە نــەیارانیان کێشــاویانە و بەرجەســتەیان کــردوون، بەتایبەت ئەو وێنایانەی بۆ خۆڕازیکردن بەدژایەتی خەواریج لە ئاستی مامەڵەی سیاســی و هزریــی – ئایینیــدا بەکارهێنراوە[3].

لەگەڵ ئەوەشدا لێــرە و لــەوێ لــەدووتوێی هەنــدێك لــە سەرچــاوەکاندا، ئامــاژە بــۆ هەنــدێك چــالاکی ڕۆشنبیری و هزریی خەواریجەکان لەلایەن کورد و لە وڵاتەکەیان دەکــرێ. نــاوی هەنــدێك کەســایەتی خــەواریجمان لەبەردەستدان کە هەرچەندە باسکردنیان تەمووموژاویە، بــەڵام هــەبوونی ئــەو ناوانــە بەڵگــەن بــۆ ئــەوەی پێشــتر گوتمــان لەمــەڕ پێگەیشــتنی ئــایینی گروپەکــەوە. وەنــەبێ ئــەو چــالاکیە فیکریانــە هــەر لەلایــەن ئەندامــە عەرەبەکانی خەواریجەوە بێت، بەڵکو غەیرە عەرەبەکانی ناو بزوتنەوەکــەش بەشــداریان کــردووە[4]. یــەکێك لــەو کەسایەتییە خەواریجییانەی جێگــای گرنگــی پێــدان بێــت "ابــو الكــردي الأباضــي"یــە، هەنــدێك جــاریش بــە "الكردي" ناوی هــاتووە و مێژوونوســی نــاودار بــەلاذری(م٢٧٩ك/٨٩٢ز) راســتەوخۆ چــەند ریوایــەتێکی لــێ

[1] الفهرست، ص٣٨٩.

[2] لەبارەی پرۆسەی سوتاندن و فەوتاندنی بەرهەمی فیکریی خەواریج بڕوانە: محمود اسماعیل: الخوارج، ص ص١٥-١٦.

[3] بۆ راڤەی زێتری ئەم بابەتە بگەڕێوە بۆ: حیدر لشکري: الكُرد في المعرفـة التاريخيـة الإسـلامية – دراسـة تحليليـة نقديـة، دار سـپیریز، دهـوك، ٢٠٠٤، ص ص١٥٢-١٥٤.

[4] بڕوانە: الجاحظ: البيان و التبيين، تحقيق و شرح: عبد السلام محمد هـارون، مكتبـة الخـانجي، القـاهرة، الطبعـة السـابعة، ١٩٩٨، ج٣،ص٢٦٤. لێرەدا جاحظ باسی کەسێك دەکات بەناوی حەبیبی کوڕی خودرە و لە ریزی "وتاربێژ و شاعیر و زانایانی خــەواریج"دایــدەنێ، ئامــاژە بــۆ ئــەوە دەکەت کە لە شەیبانییەکان ئەژمار دەکرێ و لە مەوالیەکانە(عەرەب نیە)، هەرچۆنێك بێت ئێمە بینیمان پەیوەندی کورد و شەیبانییەکان، فراوان و پتەو بووە و دەشێ بڵێین کە هەندێك لە مەوالیەکانی هۆزی شەیبان لە کوردەکان بووینە.

دەگێڕێتەوە، کە پەیوەندیان بە رووداوەکانی ناوچە کوردیەکانەوە هەیە، بە تایبەتیش سەربوردەی بزوتنەوە خەواریجییەکانی ئەویٚ[١]. بەلاّم ئەم کەسایەتییە جگە لەو سەرچاوەیە لە هیچ شوێنێکی تردا ناوی نابینریٚ و هیچ زانیارییەك لەسەر ژیانی یاخود بەرهەمی —ئەگەر هەیبوویٚ- نیە، ئەوە نەبێت لەنازناوەکەیدا دیارە لە خەواریجە ئەباضییەکانە، یان لایەنی کەم لایەنگرێکی ئەوان بووە. بەلاّم ئەوەی جێگای سەرنجە لەو قۆناغەی مێژووی بزاوتە خەواریجیەکاندا باسی چالاّکی ئەم گروپە لە ناو کورددا نییە و وەك دەرکەوت زێتر صوفرییەکان ناویان دێت. هەرچی ئەباضییەکانن، ئەوا چالاّکیان زیاتر لە باشوری نیمچە دوورگەی عەرەبی و ولاّتی مەغریب بووە، چالاّکی و لایەنگری گروپەکە لە ناوچەکانی رۆژهەلاّتی دەولّەتی ئیسلامیدا سنوردار بووە[٢].

دیارە ئەو میانڕەویەی ئەباضییەکان پیٚی ناسراون وایکردووە ئەم کەسایەتیە تێکەلّ بە زانایانی رەوتەکانی تری ئیسلامی ببێت، ببێتە یەکێك لەوانەی مێژوونوسێکی وەك بەلاذری پشت بە قسەکانی ببەستیٚ. لەلایەکی ترەوە، لەوەدەچێت ئەو کوردە بەپیٚی ئەو بەسەرهاتانەی دەیگێڕێتەوە یەکێك لە هەوالّگێڕەرەوە دیارەکانی خەواریجەکان بێت، چونکە نەك هەر سەربوردەی سەردەمی خۆی گێڕاوەتەوە، بەلّکو بەسەرهات و رووداوە مێژووییەکانی سەرەتای سەرهەلّدانی خەواریج بۆ ئەم مێژوونوسە دەهێنێتەوە، هەروەها شیعری هەندێك لە شاعیرانی کۆنی خەواریجیشی بۆ دەلّێتەوە و رای خۆی لەبارەیانەوە دەردەبڕیٚ[٣]، هەر لێرەشەوەیە کتێبەکەی بەلاذری دەبێتە یەکێك لەسەرچاوە سەرەکیەکان لەبارەی مێژووی بزاوت و کەسایەتیەکانی خەواریج و لەم بوارەدا بە بەراورد لەگەلّ سەرچاوەکانی تر جێگەی سەرنجە[٤].

کەسایەتییەکی تری خەواریجی کە لە سنوری چالاّکی کوردە خەواریجەکان، لە قۆناغی کۆتاییدا، دەرکەوتووە و خاوەن بەرهەمی ئایینی زۆر بووە "ئەبوبەکری بەردەعی"یە، کە وەك لەناوەکەی رادیارە رەنگە خەلّکی شاری بەردەعەی هەرێمی ئاذربێجان بێت یانیش نیشتەجیٚی ئەویٚ بووە. لە قسەکانی ئیبن نەدیم دەردەکەویٚ ئەم کەسە لەسەدەی چوارەمدا ژیاوە و ئەو خۆی لە سالّی (٣٤٠ك/٩٥١ز) بینیویەتی و وەك فەقیهێکی خەواریجەکان ناساندویەتی[٥]، هەرچەندە بەردەعی خۆی وەك پەیڕەوکارێکی موعتەزیلەکان

[١] جمل من انساب الأشراف، ج٤، ص٢٤٨، ٣٢٩. ج٩، ص٢٦٠.

[٢] لەم بارەوە بڕوانە: لطيفة البكاي: حركة الخوارج — نشأتها و تطورها الى نهاية العهد الأموي، الطبعة الثانية، دار الطليعة، بيروت، ٢٠٠٧، ص ص ٢٣٠-٢٣١.

[٣] جمل من أنساب الأشراف، ج٥، ص٣٨٨. ج٧، ص١٨٤.

[٤] بۆ ئاشنابوون بە گرنگی "انساب الأشراف" لە نوسینەوەی مێژووی خەواریج بڕوانە:
Tarif khalidi: Arabic Historical Thought in the Classical Period, Cambridge, Cambridge University Press, 1994, p.160.

[٥] الفهرست، ص٣٩٠.

نیشانداوه[1]، پاشان ئەو زانایەی خەواریج ناوی برێك لە کتێبی خۆی بۆ ئیبن نەدیم هێنـاوه لەوانـە: "المرشـد في الفقه" و " کتاب الرد علی المخالفين في الفقه" و چەندانی دی[2]. لـەوە بـترازێ ئێمـە هیچـی تـری لـە بـارەوە نازانین، دەقێکی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییە بۆمان روونبکاتەوە چ کەسێکە؟ ئـاخۆ پەیوەنـدی بـە بزوتنەوەکـەی کوردە خەواریجەکانی هەرێمی ئاذربێجان بەسەرکردایەتی دەیسەمی کـوڕی ئیبراهیمـی کـوردی هـەبووە یـان نـا؟ لەگەڵ ئەوەشدا، وەك پێشتر بینیمان، کاتێك مەسعودی باسی رەوتی خەواریجی لە هـەرێمی ئـاذربێجـان دەکـات دەڵێ ئەوان لە کوردەکان بوون[3]. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە لەهـەمان ئـەو قۆناغـەی ئـەوی تێـدا ژیـاوه، دەیسەمی کوڕی ئیبراهیم حوکمی هەندێك لـە ناوچـەکانی ئـاذربێجـان و دەوروبـەری دەکـرد، لـە هـەمان ئـەو شارەشدا — واتا بەردەعە- پارەی بەناوی خۆی لێداوه[4]، ئەمەش مانای پێگـەی گرنگـی ئـەو شـارە دەگەیـەنێ وەك سەنتەرێکی دەسـەڵاتی دەیسـەم و خەواریجـەکان بـە گشـتی و ئەگـەری ئـەوەش دەخاتـەڕوو ئـەو فەقیهـە پەیوەندی بە بزوتنەوەکە هەبووبێت.

بێگومـان هـەبوونی فـەقیهی ئـاوا و هاوشـێوەی ئـەو لـە سـنوری ئـەو ناوچـانەی ببوونـە بنکـەی خەواریج[5]، بەڵگەن بۆ پێگەیشتنە ئایینیەکـەی ئاماژەمـان بـۆ کـرد، هـەروەها رەنگدانەوەیـەکی پێداویسـتی هزریی خەواریجەکانە کە دەخوازن شوناسێکی ئایینی ئەوتۆ دابڕێژن، بتـوانن بـە هۆیـەوە رووبـەڕووی ئـەوانیتری نەیار ببنەوە، خۆشـیان لـە نێوخـۆدا لـە ڕێگـەی کۆمـەڵێك بنـەمای شـەرعییەوە بونیـادی کۆمەڵایـەتیان بـە تۆکمەیی بهێڵنەوە.

---

[1] رەنگە لە رووکەشدا خەواریجبوون و بانگەشەکردنیش بۆ هزری ئیعتیزالی وەك دژایەتیەك بخوێندرێتەوە، بـەڵام ئـەوەی لـە بـاوەڕی خـەواریجی رابمێنێ، دەبینێت لەزۆر شوێندا کاریگەری موعتەزیلەی بەسەرەوەیە بەتایبەت لە چەمکانێکی وەك:"یەکتاپەرستی" و "قەدەر". بۆ زانیاری زێـتر بگەڕێوە بۆ: عبداللطيف عبدالقادر الحفظي: تأثير المعتزلة في الخوارج و الشيعة، دار الأندلس، جدة، ٢٠٠٠، ص ص ٣٠٢-٣٩٠.

[2] الفهرست، ص٣٩٠.

[3] مروج الذهب، ج٣، ص١١٠.

[4] ئارشاك پۆلادیان: کورد لەسەرچاوه عەرەبییەکاندا، ل١٨٧.

[5] بڕوانە: الفهرست، ص٣٩٠.

## تەوەرەی دووەم: شکستی سیاسی خەواریجەکان لە وڵاتی کوردان

### یەکەم: سەرگەردانی خەواریجەکان لە هەرێمی جەزیرە و شارەزوور

بزوتنەوەکانی خەواریج لەو شوێنانەی دەستنیشان کران، زێتر لەوەی توانیبێتیان ناسنامەی ئایینی پەیڕەوکارانیان دەربخەن، لە ئاستی گشتیدا وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی دەرکەوتوون و لەلایەن مێژوونوسان و نوسەرانی سەر بە دەوڵەت یاخود لایەنگر بە دەسەڵاتی ناوەند هەروا ناسێنراون. لەو قۆناغەی ئێمە باسی لێوە دەکەین بزوتنەوەیەك کە لەهەمان ئەو پانتاییە جوگرافیە، بەتایبەتیش لەهەرێمی جەزیرەدا، سەری هەڵدا و قۆناغێکی یەکلاکەرەوە بوو لە پێگەیشتنی رەوتەکە لەناو کورداندا، هەر بزوتنەوەی خەواریجە صوفرییەکان بوو کە —وەك پێشتریش گوتمان — مساوری کوڕی عەبدولحەمیدی شاری هەڵیگیرساند.

ئێمە لێرەدا ناخوازین بە ووردی و بەدرێژی لە چۆنیەتی سەرهەڵدان و شەڕ و پێکدادانەکان لەگەڵ سوپای ناوەند و فراوانخوازیەکانی و رووداوی تری پەیوەست بە بزوتنەوەکە بدوێین، چونکە پێشتر لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە بەتایبەت لە پەیوەندی بە کوردانەوە[1]، ئەوەی لەو بزوتنەوەیە بۆ ئێمە گرنگە کاریگەریەکانیەتی بەسەر پێشڤەچوونی سیاسی خەواریج لە پانتایی کوردی و دواتریش شکستی بزوتنەوەکە و ئاکامە دوورمەوداکانی بەسەر پێگەی ئایینیان لە وڵاتەکەدا.

ئەوەی لە بزوتنەوەی مساور وورد ببێتەوە، چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکا بتوانێ بزاڤی خەواریجی لە بزاڤێکی سیاسی — سەربازیەوە بۆ ئاستی حوکمڕانی کردن و دامەزراندنی دەسەڵاتداریێتی بەرز بکاتەوە، چونکە بزوتنەوەکە چەند خەسڵەتێکی هەبوو لە بزوتنەوەکانی پێشتر و دواتری هەمان ناوچە جویێ دەکاتەوە: بەر لە هەموو شتێك لەڕووی زەمەنیەوە ماوەیەکی درێژی خایاندووە کە نزیکەی سی ساڵ دەبێت، ئەمە سەرباری فراوانی بەشداری کۆمەڵایەتی — ئیتنی لە بزوتنەوەکە، بەتایبەت کورد و عەرەب، هەروەها وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا لە نێو کوردان زیاد لە خێڵێك و چەندان سەرکردەی کوردی لەخۆ گرتبوو.

لەلایەکی ترەوە رەوشی گشتی دەوڵەتی عەباسی هەڵی ئەوەی بۆ مساور و دوای ئەویش جێنشینەکانی رەخساندبوو بەردەوامی بە بزوتنەوەکە بدەن، بەتایبەت کاتێك دەبینین دەوڵەتەکە رووبەڕووی مەترسیەکی گەورەی وەك شۆڕشی "کۆیلە زنجەکان — الزنج"(٢٥٥-٢٧٠ك/٨٦٩-٨٨٣ز) ببۆوە و بەتەواوی نەدەپرژایە سەر بزوتنەوەکە کە لەسەرەتاکانیدا لە پێشڤەچوونی بەردەوام دابوو. خۆ رەنگە هەندێك لە کارەکانی مساوریش وەك هەنگاوی کرداری بۆ دامەزراندنی ئەم جۆرە قەوارەیە لێکبدەینەوە، وەك کۆکردنەوەی باج و دانانی والی لەسەر ئەو ناوچانەی دەستی بەسەر داگرتبوون[2].

بەڵام ئەگەر بزوتنەوەکە دەیەویست ببێتە هەوێنی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی- کارگێڕی لەو ناوچانەی کەوتبووە ژێر دەستیەوە، ئەوا دەبووا بەر لە هەموو شتێك لە جیهانبینی یاخیبوونەوە رزگاری

---

[1] بگەڕێوە بۆ: زرار صديق توفيق: الكرد في العصر العباسي، ص ص١٠٠-١٠٩.

[2] الطبري: تاريخ، ج٥، ص٢٠٣٤.

ببێت، ئەو جیهانبینیە زێتر ئەوانی پەیوەست بە تێگەیشتنێکی بەرتەسکی کردەی سیاسی و زەمینەیەکی سنورداری جوگرافی دەکرد، کە ناویان نابوو "خانەی کۆچ – دار الهجرة"؛ شوێنێك کە ئەوەندەی بنکەیەك بووە بۆ خۆکۆکردنەوە و هێرش بردن، ئەوندە سەنتەرێکی دەسەڵات نەبووە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەی تری ژێر رکێفیان. ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەم خانەیە پێگەیەکی دیمۆگرافی و بونیادێکی ئابوری پتەوی ئەوتۆی نەبووە بتوانێت بەردەوامی بە سیستەمی کارگێری سەربەخۆ و بەرفرە بدات و ببێتە سەنتەرێکی دەسەڵاتیانەی هەمەگیر لە سەرووی ئەو فۆرمە دەسەڵاتیە نێوخۆییەی خەواریج پشتیان پێ دەبەست و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خێڵەکیی نە پەڕیبۆوە، وەك ناوچەی "الحدیثة"[١] کە مساور کردبوویە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی[٢]، ئەمە لە کاتێکدا ئەم سەرکردەیە هەر لەسەرەتای چالاکیەکانی و لە لوتکەی بەهێزی بزوتنەوەکەیدا توانیبووی شارێکی گەورەی وەك موصڵ بگرێت، ئەو شارەی بە هەموو پێوەرەکانی ئەوکات دەیتوانی رۆڵی ئەو سەنتەرە بگێڕێ و "خانەی میرنشین – دار الإمارة" بێت، واتا ببێتە سەنتەری ئەو دەسەڵاتدارێتییەی دەشێ لەوێدا دابمەزرێ، بەتایبەت بۆ ئەو ناوچە کوردیانەی لە دەوروبەری شارەکە بوون، پاڵپشتی بزوتنەوەکە بوون و قوڵاییەکی جوکرافی و مرۆییان پێ بەخشیبوو کە تا نزیك بە شارەزووری دەگرتەوە، شارەزوورێك کە – بەدەوروپشتیەوە-، لە چوارچێوەی سیستەمی کارگێری خەلافەتەوە، لایەنی کەم تا سەردەمی خەلیفە هارونە رەشید(١٧٠-١٩٣ك/٧٨٦-٨٠٩ز) پەیوەست بووە بەو یەکە کارگێڕییە(موصڵ) و لەوێوە بەڕێوەبردراوە[٣]، بۆیە ئەگەر لەو سەردەمەی ئێمەش باسی لێوە دەکەین بنکەیەکی خەواریجییە، ئەوا لەبارە جارێکی دی لە موصڵەوە بەڕێوەبردرێتەوە، خۆ رەوشی ناجێگیری شارەزوور چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێ ببێتە پێگەیەکی سەرهەڵدان و پاڵپشتێکی ئابوری و مرۆیی قەوارەیەکی سیاسی – خەواریجی دابڕاو لە قەوارەی سیاسی خەلافەتی عەبباسی.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی دەیبینین پشت لێکردنی مساورە لە شاری گەورەی موصڵ و گەڕانەوەیەتی بۆ "الحدیثة". راڤەی ئیبن ئەثیر بۆ ئەم کارەش ترسانی مساور بوو لە : (( زۆری ژمارەی دانیشتوانی شارەکە – واتا موصڵ-))[٤]، بێگومان ئەم قسەیەش متمانە نەبوونی مساورمان بۆ دەردەخات لە حوکمڕانیکردنی "شار"، یان با بڵێین دەریدەخات تواناکانی خەواریج هێشتا لە سنوری راپەڕین و شەڕکردندایە و نەبۆتە توانای کارگێڕیی بەرفرە، بۆیە ئەگەر ئەوان دەیانتوانی لە ناوچە دێهاتی و شاخاوییەکاندا هەژموونی سیاسی –

[١] الحدیثة: شارۆچکەیەکە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی موصل، لەو شوێنەی زێی گەورە دەرژێتە نێو دیجلەوە. یاقوت الحموی: معجم البلدان، مج٢، ص٢٣٠. هەروەها بڕوانە: عبد الماجود احمد السلمان: الموصل، ص ١٤٠-١٤١.

[٢] الکامل، ج٥، ص١٢٥.

[٣] بڕوانە : البلاذري: فتوح البلدان، ص٤٦٧.

[٤] الکامل، ج٥، ص٢٤٣.

ئایینی خۆیان بسەپێنن ئەوا نەیانتوانیوە لە "شار"دا هەمان کاربکەن. لە دێهات و ناوچە شاخاوییەکانیشدا دامەزراندنی قەوارەیەکی گەورەی هاوشێوەی قەوارەکانی تری جیهانی ئیسلامی ئەستەم دەبێت.

لەلایەکی ترەوە ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییەی بزوتنەی خەواریجی بەردەوامی بەخۆی دەدا، کە بریتییە لە بونیادی کۆمەڵایەتی خێڵەکی کوردی — عەرەبی، ئەگەر لە قۆناغە بەراییەکانی ئەم بزوتنەوەیەدا فاکتەری بەردەوامبوون و سەرهەڵدانەوە بووە، ئەوا لەوە دەچێ لێرە بەدواوە بەربەستێك بێت لەبەردەم دروست بوونی سیستەمی فەرمانڕەواییانەی پێشکەوتوو، ئەوەی لە دووتوێی ڕووداوەکاندا دەیخوێنینەوە ئەوەیە بونیادەکە تا ئەوکاتە پتەو و یەکگرتووە کە "نەیارێتی" و "یاخیبوون" گرۆیەکان لە ڕێگەی — وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆی کرد — یەکگرتنەوەی نەیارێتی خێڵەکی و گوتاری ئایینی خەواریجی، بەیەکەوە کۆدەکاتەوە. بەدەر لەمە وانایەتە بەرچاو لە نێوخۆدا باوەڕ وەك پێشتر توانیبێتی بونیادێکی کۆمەڵایەتی تۆکمە و گونجاو بۆ دەسەڵاتدارێتی فراوان دابمەزرێنێ، بەڵکو هەر بە لاوازی ماوەتەوە تا ئەوەی کە ڕەنگە لە ڕووداوێکی بچووکدا خێڵێ تێکشکێنەری پێکبەستە ئایینییەکە بێت و درزی گەورە بخاتە نێو بزاڤەکە؛ ئەوەتا کاتێك یەکێك لە "کوردەکانی مساور" کەسایەتیەك دەکوژێ، هۆزی گەورەی ڕەبیعە، کە مێژوویەکی درێژیان لە پاڵپشتی کردنی ڕەوتی خەواریجیدا هەیە لایەنی کەم لە هەرێمی جەزیرەدا، تووڕە دەبن و داوای خوێنی دەکەنەوە، بەمەش کێشەی گەورە ڕووبەڕووی بزوتنەوەکە دەبێتەوە[1]، لەبەرامبەردا بونیادی کۆمەڵایەتی ئەو کاتە تۆکمە دەبێت کە مەترسیەکی هاوبەش لەگۆڕێ دابێت واتا لە حاڵەتی ناجێگیری سیاسی، ئەوەتا دەبینین ئەو کاتەی کورد و عەرەبەکان دەزانن سوپای عەباسییەکان بەرەو شوێنەکانی ئەوان دێت بەمەبەستی کپکردنەوەی بزوتنەوەکەیان، پەیمان دەبەستن خوێنیان بەیەکەوە بڕژێ[2]، واتا پتەوبوونی بونیادەکە لە چوارچێوەی کردەی سەربازیدایە و بەبێ بوونی مەترسی دەرەکی دەشێ بە سانایی لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە.

لەسەر ئەرزی واقیعیشدا، لەهەردوو لایەنی باوەڕداریی و سەرکردایەتیدا، ڕووداوەکان بەئاڕاستەی لێکهەڵوەشانەوە و پارچەپارچەیی نێوخۆیی بوون، وەك پێشتریش گوتمان کێشەی باوەڕیی هەر لەسەردەمی مساور و دواتریش هەبووە و توندوتیژی زۆر و کوشتاری گەورەی ناوەتەوە[3]، خۆ جیاوازی بیروباوەڕ بەگشتی ئیسلامی خەواریجی لە قۆناغی جیاجیادا دووچاری شکست کردۆتەوە[4]، بەتایبەتی صوفرییەکان کە زۆرترین دابەشبوونی عەقیدەیی لە ریزی ئەوان بووە[5]، بەڕای توێژەرێکیش ئەوکاتانەی ئەو گرفتە عەقیدەییانە ڕوویدەدا کە خەواریجەکان لەگەڵ نەیارانیان لەشەڕدا بوون، بەمەش سەرنەدەکەوتن و شکستی گەورەیان

---

(1) الطبري: تاريخ، ج٦، ص٢٠٧٥.

(2) الطبري: تاريخ، ج٦، ص٢١٤٩.

(3) الطبري: تاريخ، ج٥، ص٢٠٥٤. ابن الاثير: الكامل، ج٦، ص ١٤٢.

(4) W.Madelung: Sufriyya, The Encyclopaedia of Islam, new edition, E. J. Brill, Leiden, V.9, p.766.

(5) الأشعري: مقالات، ج١، ص١١٢.

دەهێنا[1]. لەنێو ئەو بزوتنەوەیەشدا ململانێ لەسەر سەرکردایەتی لەدوای مساور و لە سەردەمی محەمەدی کوڕی خۆرزاددا گەیشتە لوتکە و سەرباری کوشتارێکی زۆر لە خەواریجەکان بەگشتی، چەندان سەرکردەی گەورەی بزوتنەوەکەش کوژران[2].

دیارە ئەو ململانێیانە لەو قۆناغەدا، کە لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا قۆناغی وەرچەرخان بوو لە دەوڵەتی سەنتەریەوە بۆ دەوڵەتی ناسەنتەریی و سەرهەڵدانی قەوارەی سیاسی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆ لە رۆژهەڵات و رۆژئاوایدا، ململانێی کوشندەن و چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرێ هۆکاری سەرەکی بن لە پوکانەوەی هەر هەوڵێکی سیاسی، کە دەخوازێ لەو ناوچانەی وڵاتی کوردان بە پشت بەستن بە باوەڕی خەواریجی قەوارەی سیاسی دابمەزرێنێ، گەورەتر لەو قەوارەیەی دەشێ لەسەر بنەمای یاخیبوون دامەزرابێت.

ئەوەی لەهەموو ئەوانە کاریگەرتر بوو لە شکستپێهێنانی پرۆژەی سیاسی خەواریجی لە وڵاتەکە پەرەسەندنەکانی سیاسەتی دەوڵەتی عەبباسی بوو. بەرلەوەی بچینە سەر ئەو کاریگەرییە بە پێویستی دەزانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کەوا ئەم سیاسەتە لە بەرامبەر بەو قەیرانانەی لە هەرێمە جیاجیاکاندا دووچاری دەبۆوە زێتر گەڕان بوو بەدوای چارەی خێرا و کاتی، لە رێگەی پشت بەستن بە توانا سەربازییەکانی خۆی و هێرشکردنە سەر هەر ناوچەیەك حاڵەتی پشێوی تێدایە و یاخیە بە دەوڵەت، بێ ئەوەی ستراتیژیەتێك هەبێت بۆ بنبڕکردنی سەرچاوەکانی پشێوی، بێگومان ئەمە بە ئاشکرا لە سەردەدەری خەلافەت لەگەڵ بزوتنەوەکانی وڵاتی کوردان هەر لە دەستپێکی خەلافەتی عەبباسیەوە دیارە[3]. بەهەرحاڵ ئەو سیاسەتە — وەك توێژەرێك بۆی چووە — بونیادێکی پتەوی نەبوو و هاوکار نەبوو لە بەردەوامبوونی هاتنی داهاتی هەرێمەکان بۆ خەزێنەی دەسەڵاتی ناوەندی[4]، بۆیە لەم قۆناغەشدا ئەگەر دەوڵەت دەیویست بەردەوامی بە هەژموونی سیاسی خۆی بدات دەبوا کۆتایی بە بزاڤی خەواریجی ناوچە کوردییەکان بهێنێت، بۆ ئەوەی گەرانتی بەردەوامهاتنی داهات بکات لە شوێنێکدا، لەلایەك شادەمارێکی داهاتی دەوڵەت بوو[5]، لە لایەکی تریش - ئەگەر لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ناوەندا نەمێنێت - راستەوخۆ مەترسی دەخاتە سەر پاشەڕۆژی دەسەڵاتەکە لەوێ و لەسەنتەریشدا، چونکە ناوچەکە رێك هاوسنوری سەنتەر و زۆر لێی نزیکە تەنانەت رەنگە خاڵی دەستپێك بێت بۆ هەر هەوڵێکی روخاندنی دەسەڵاتی ناوەندی، هەروەها لەبەر پێکهاتەی زەویەکەشی کە زۆرینەی شاخاوی و سەختە و بەئاسانی دەستی بەسەردا ناگیرێ و لە زۆربەی کاتدا رەنگە بە نەیاری

---

[1] محمود اسماعیل: الخوارج، ص٢٧.

[2] بڕوانە: الطبري: تاريخ، ج٥، ص٢٠٥٤. ابن الاثير: الكامل، ج٦، ص٢٩.

[3] بڕوانە: زرار صديق توفيق: كورد و كوردستان، ل ٧٨ بەدواوە.

[4] M.A.Shaban: Islamic history, AD 750-1055 (AH 132-448) - A New Interpretation, Cambridge university press, 1995, V.2, p. 115.

[5] بۆ نموونە بڕوانە: ابو يوسف: كتاب الخراج، منشور ضمن: في التراث الإقتصادي الإسلامي، بيروت، ١٩٩٠، ص ص١٤٣–١٤٦. قدامة بن جعفر: الخراج و صناعة الكتابة، شرح وتعليق: محمد حسين الزبيدي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨١، ص ص١٣٦–١٤٩.

بێنێتەوە. بۆیە هەبوونی بزوتنەوەیەکی بەرفرەی خەواریجی، خاوەن پرۆژەیەکی دەسەڵاتییانەی فراوان، بە هیچ شێوەیەك قەبوڵ نیە و دەبێ زوو سنورێکی بۆ دابنرێ. بێگومان سنوردانانیش ئەوکاتە دەبێت کە ناوەند بەوجۆرەی روونمان کردەوە لە مەترسیەکان بگات.

خەلیفەیەك کە لە قەوارەی مەترسیەکە گەیشت و راستەوخۆ ویستوویەتی چارەی بکات خەلیفە "المعتضد باللە" (٢٧٩ -٢٨٩ك/٨٩٢-٩٠٢ز)بوو، ئەوکەسەی کاتێك هاتە سەر حوکم ، بە ووتەی زۆر لە مێژوونوسان، دەوڵەتی عەبباسی لە هەموو روویەکەوە لە خراپترین بارودۆخیدا بوو[1]، بۆیە خەلیفەی نوێ دەبووایە بە جۆرێك کاربکات رەوشەکە بگۆرێ و مەترسیەکانی سەر دەسەڵاتی ناوەندی نەهێڵێ، بەتایبەتیش مەترسی خەواریجی لە هەرێمی جەزیرەدا، ئەوەی لە قسەی تەبەری مێژوونوس دەخوێندرێتەوە خەلیفە هەر لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵاتەوە موکڕبووە لەسەر لەناوبردنی هەر نەیارێتیەکی دینی و سیاسی لە هەرێمەکەدا، بۆیە خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی سوپای عەبباسی کردووە لە هەڵمەتەکانی بۆ سەر ناوچەکانی لایەنگر بە خەواریج و لایەنی کەم سێ جار بۆ ئەم مەبەستە رووی کردۆتە ناوچە پشێوەکان[2].

بەهەر حاڵ ئێمە ناچینە نێو ووردەکاریەکانی هەڵمەتەکانی سوپای خەلافەت بۆ کۆتاییهێنان بە بزوتنەوەی خەواریجی لە هەرێمی جەزیرە، تەنیا ئاماژە بۆ خاڵێکی بنەرەتی دەکەین بەهۆیەوە کۆتایی بە بزاڤی سیاسی خەواریج لەنێو کوردانەدا هاتووە. بەر لەهەموو شتێك، بەسەرهاتە مێژووییەکان دەریدەخەن خەمی خەلیفە المعتضد ئەو زەمینە کۆمەڵایەتییە بوو کە بەردەوامی بە بزوتنەوەی خەواریجی دەدا و بزوتنەوەکە تیایدا گەشەی دەسەند و دەقلیشایەوە، بۆیە لەوەدەچێ هەوڵی تێکشکاندنی زەمینەکەی دابێ لە رێگەی بەکارهێنانی توندوتیژیەکی بێ سنور بەرامبەر بە کورد و عەرەبە خەواریجەکان، توندوتیژیەك کە سەرنجی کەسێکی وەکو مەسعودی راکێشاوە، بەتایبەت کاتێك خەلیفە داهێنانی لە کوشتن و ئازاردانەدا کردووە[3] ، ئەوەتا بەر لەهەموو شتێك هێزی سەربازی یەك لە هۆزە عەرەبیە سەرەکیەکانی پاڵپشتی لە مێژینەی خەواریجی تێکشکاند، ئەویش شەیبانیەکانن کە ناچاری کردوون ملکەچ و گوێڕایەڵی بن[4]. خۆ هەمان سیاسەتیشی بەرامبەر بە کوردە خەواریجەکان و تەنانەت غەیرە خەواریجەکانی هەرێمی جەزیرە بەکارهێناوە و توانیویەتی چالاکیەکانیان بنبڕ بکات، تەنانەت پەیمان بەستنی کوردەکان لەگەڵ عەرەبەکان لە پێناو رووبەڕوو بوونەوەی شالاوی سوپای خەلافەت سودی نەبووە و شکستیان هێناوە[5]، بێگومان هەر ئەو

---

[1] المسعودي: مروج، ج٤، ص٢٣١. ابن الجوزي: المنتظم في تواريخ الملوك و الأمم، دراسة و تحقيق: محمد عبد القادر عطا و مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢، ج١٢، ص٣٠٦، ٣٢٤.

[2] الطبري: تاريخ، ج٦، ص ص٢١٤٨ - ٢١٥٢.

[3] مروج، ج٤، ص٢٣٢.

[4] لەم بارەوە بڕوانە: الطبري: تاريخ، ج٦، ص٢١٤٨. المسعودي: مروج، ج٤، ص٢٤٣. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: سليمة عبد الرسول: الشيبانيون، ص ص٦٤٢-٦٤٣.

[5] الطبري: تاريخ، ج٦، ص٢١٤٩.

توندوتیژیەشە سەرکردە کوردەکانی ناوچەکەی ناچار کردووە داوای ئەمان بکەن و گوێڕایەڵی بۆ خەلافەت ڕابگەیەنن[1].

لەڕاستیدا ئەمە شکستێکی گەورە بوو بۆ بزاڤی خەواریجی بە پلەی یەکەم، چونکە هەردەم لەوێدا سودیان لە نەیارێتی کوردەکان بۆ دەسەڵاتی خەلافەت وەردەگرت، بەتایبەت دوای ئەوەی هەندێك لە خەواریجەکان، لە سەرووی هەموویانەوە خەواریجە کوردەکان، ناچار دەبن — وەك باسمان کرد - گورەپانی بزاڤەکەیان لە هەرێمی جەزیرەوە بۆ هەرێمی ئاذربێجان بگوازنەوە، ئەمەش - وەك دواتر زێتر باسی لێوە دەکەین - ئاکامی گرنگی لە دیاریکردنی چارەنووسی بزاڤەکەدا دەبێ.

زاڵبوونی ڕۆحی نەیارێتی کوردی گرێدراو بە سیستەمی خێڵ و ملکەچبوونی ئەندامانی خێڵەکان بۆ دەسەڵاتدارانی نێوخۆیی، وەك پێشتریش باسمان کرد، کۆنترۆڵی سەربازی — کارگێڕیی بە تەنیا بەس نەبوو، ڕەنگە خەلافەتی عەبباسی، درکی بە سنوورداریی کاریگەریەکانی سیاسەتی "سەرکوتکردن" بۆ بنبڕکردنی نەیارێتی کوردانی ناوچەکە کردبێ، هەربۆیە دەبینین هاوکات لەگەڵ ئەو سیاسەتانەدا هەوڵی داوە سیاسەتی خۆ نزیکخستنەوە و ڕازیکردنیش پەیڕەو بکات و هێندێك لەوان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ و لەڕێگەی بەشدارپێکردنیان لە حوکمڕانی لەخۆیان بگرێت، ئەمەش بە گونجاندنی بەرژەوەندی خەلافەت — سەنتەر لەگەڵ حەزی دەسەڵاتدارێتی هەندێك لە کەسایەتییە کوردەکان دەبوو، ڕەنگبێ ئەم سیاسەتە هەر لە سەردەمی خەلیفە المعتمد (٢٥٦-٢٧٩ك/٨٧٠-٨٩٢ز) دەستی پێکردبێ، کاتێك هەڵدەستێ بە دانانی کەسایەتییەکی وەك عەلی کوڕی داودی کوڕی ڕوهزادی کوردی بە والی لەسەر موصڵ[2]، کە لەوە دەچێ یەکێك بووبێ لە میرە دیارەکانی ناوچەی چالاکی خەواریجەکان و خاوەن پلە وپایەیەکی بەرز بووە[3]، لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا بخوێنرێتەوە. بێگومان دانانی والیەکی کورد لەسەر ئاوا ستراتیجی، دروستکردنی پردێکی پەیوەندیە لەگەڵ کوردەکانی ئەوێ، کە مەیلی زۆربەیان بەلای خەواریجەکانەوە بوو، ئەگەرچی بوونی کەسێکی "کورد" بە والی موصڵ ڕووداوێکی نوێ بووە و جێگەی ناڕەزایی کەسانێك بووە کە فەرمانڕەوایەتی کوردانیان لەسەر شارەکە پێ قەبوڵ نەبووە و ڕەخنەیان لێ گرتووە[4]. دیارە ئەو مەسەلەیە، لە دیدی خەلافەت — سەنتەر، لە سنوری لەخۆگرتنی بزاڤی خەواریجی — کوردی دەرچووە بۆ لەخۆگرتنی کورد

---

[1] الطبري: تاريخ، ج٦، ص٢١٥٠.

[2] ابن الأثير: الكامل، ج٦، ص١٣٦.

[3] المسعودي: التنبيه و الاشراف، منشورات دار مكتبة الهلال، بيروت، ١٩٨١، ص٦٤. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: زرار صديق توفيق: الكورد في العصر العباسي، ص ص٦٠-٦٢.

[4] مێژوونوس ئیبن ئەثیر شیعری شاعیرێکی موصڵاوی بەناوی "العجيني؟" دێنێتەوە کە بەم بۆنەیەوە گووتویەتی:

ما رأى الناس لهذا الد — هر مذ كانو شبيها

ذلت الموصل حتى — أُمر الأكراد فيها

الكامل، ج٦، ص١٣٦.

بەگشتی، بەبەڵگەی هەبوونی چەندان هەڵوێستی هاوشێوە بەتایبەتیش لـە سـەرەتاکانی سـەدەی چـوارەمدا: وەك دانانی کوردێك بە والی لەسەر شاری حلوان بەناوی عەلی کوڕی خالـدی کـوردی لـە سـاڵی( ٣٠١ك/٩١٣ز)[١]، هەروەها بەردان و ڕێزگرتنی هەنـدێك لـەو سـەرکردە کوردانـەی پێشـتر دژایـەتی سـەنتەریان کـردووە، لەوانـە محەمەدی کوڕی لەیثی کوردی[٢]، تەنانەت هەر لەو قۆناغەدا ئەگەر کوردێـك دەربکـەوێ و "ڕێگریـی" بکـات، ئەوا حوکمڕان پەیامی بـۆ دەنێـرێ تـا واز لـەو کـارە بهێنـێ، لەبەرامبـەردا بـەڵێنی دەسـەڵاتدارێتی بەسـەر "تەواوی کوردان" پـێ دەدات[٣]، خـۆ ئەگـەر — لـەم ڕووداوەدا — ڕەوشـەکەش بـەو ئاڕاسـتەیە نـەڕوات کـە کەسەکە دەسەڵاتی بەسەر تەواوی کـوردان نـەبێت، بـەڵام بەڵگەیـەکی ترمـان دەداتـە دەسـت لەسـەر هـەوڵی لەخۆگرتنی ئەم میللەتە لەم قۆناغەدا.

لەلایەکی ترەوە خەلافەتی ئیسلامی هەر بە توندوتیـژی یـاخود ڕازیکـردن لـە پێنـاو هەڵوەشـاندنەوەی ئینتیماکـان بـۆ خـەواریج، شـەڕی ئـەو بیروبـاوەڕەی نـەکردووە، بـەڵکو ویسـتوویەتی بـە کـارکردن لەسـەر بیروباوەڕەکەشیان شکستیان پێ بێنێ، لە ڕێگـەی بـەکارهێنانی بنـەماکانیان بـۆ ئیفلیجکردنـی بزاوتـەکانیان. ئەگەر دەسەڵاتی ناوەندی دەیتوانی بەزەبری هێز بزوتنەوەکە تێکبشـکێنێ و سـەرکردەکانی بکـوژێ یـان بگـرێ، ئەوا هێشتا ئیشی دەکـرد بـۆ هێشـتنەوەی ئیسـلامی خـەواریجی بـە تێکشـکاوی، لـەم بـارەوە مسـکەوەیە(م ٤٢١ك/١٠٣٠ز) ی مێژوونوس لە ڕووداوەکانی ساڵی (٣٠٣ك/٩١٥ز) وێنەیەکی ئـەو سیاسـەتەمان نیشـاندەدا کە لـە قۆنـاغی زاڵبـوون بەسـەر بزوتنـەوەی خـەواریجی پـەیڕەوی لێ دەکـرێ، کاتێـك بـاس لـەوە دەکـات بـۆ تەدبیرکردنی کاری شوراتەکان، ئەو ئیمامەی لەوان گیرابوو ئەگەر لە زینداندا بمردایـە، مـەرگی ڕانەدەگەیـەنرا، چونکە تا ئەو کاتەی زیندوو بێـت خەواریجـەکان ئیمـامێکی تریـان دانـەدەنا[٤]، بێگومـان نـەبوونی ئیمـامیش بزوتنەوەکەی دەخستە باری سڕبوونەوە، ئـەوە ئەگـەر نەبێتـە هۆکـارێکیش بـۆ دووبـەرەکی و پارچەپارچـەبوونی نێوخۆیی، بەتایبەت ، وەك بینیمان ، ڕێکخستنی سیاسی خەواریجەکان لەنێوخۆدا ئەوەنـدە پتـەو نیـە و دەشـێ بەئاسانی لێك هەڵبوەشێتەوە، وادیارە دەسەڵاتی ناوەندیش لـەو حاڵـەی وان تێگەیشـتووە بۆیـە وا سـەرەدەریان لەگەڵدا دەکات.

## دووەم: کۆتـایهـاتنی خەواریج لە هەرێمی جەزیرە

دوای شکستی بزوتنەوەی مساور لە هەرێمی جەزیرە و موصڵ و شـارەزوو، هـەروەها کۆچـڕەوی کـوردە خەواریجەکان بۆ هەرێمی ئاذربێجان، مێژوونوسان کەمتر پەنجە بۆ ڕۆڵی کوردان لە بزوتنـەوە خەواریجیـەکانی ئـەو

---

[١] الصولي: قسم من اخبار المقتدر بالله العباسي، دراسة و تحقيق: خلف رشيد نعمان، دار الشؤون الثقافيـة، بغـداد، ١٩٩٩، ص ١٦٥. القـرطبي: صلة تاريخ الطبري، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم، دار سويدان، بيروت، دون تاريخ، ص٤٤.

[٢] الصولي: قسم، ص ١١٨. القرطبي: صلة، ص٤٩. لەبارەی ڕۆڵی ئەم کەسایەتییە بڕوانـە: زرار صـديق توفيـق: الكـورد في العصـر العباسـي، ص٧٩-٨٠.

[٣] القرطبي: صلة، ص١٢٧.

[٤] تجارب الأمم، ج٥، ص٩٤.

ناوچانە درێژ دەکەن، هەرچەندە — لایەنی کەم — لە دوو دەیەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی جارجارە، لەملا و لەولادا، بزوتنەوەی خەواریجی هەڵایساوە، بەڵام لەوەناچێ ئەو بزوتنەوانە وەك پێشتر بە پاڵپشتی خەڵکی ناوچەکە پشت ئەستور بن و نەبوونەتە جێگەی سەرنجیان، تەنانەت هێندێك جار وەك بزوتنەوەی دژ بەو خەڵکەش دەردەکەون، بەقسەی مەسعودی بێت کە دوایین بزوتنەوەی خەواریجی لە هەرێمی جەزیرە، لە ساڵی (٣١٨ك/٩٣٠ز)، بەرپا بوو، سەرکردەی بزوتنەوەکە رووی کردۆتە شاری نصێبین و بەگژ خەڵکی ئەو شارەدا چووە و لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانەکەی کوژراون و ژمارەیەکیشیانی لێ بەدیل گرتوون[١]. کەواتە لێرە بەدواوە سنورێك هەبووە بۆ بڵاوبوونەوەی خەواریج لە پانتاییەکدا، کە دەمێك بوو شوێنی تەراتێنی هێزەکانیان بوو، هەروەها چیدی ناتوانن کاریگەری کۆمەڵایەتییان هەبێ، لایەنی کەم بەسەر دانیشتووی شارەکان. دیارە کە ئەوەی کاریگەری لەسەر داڕشتنی هەڵوێستی نەیارانەی لەمجۆرەی دەبێ ئەوەیە کە ئیدی مەبەستی هەرە گەورەی بزاوتەکان ببوە باجگری و دەستبەسەرداگرتنی زۆرترین سەروەت و سامانی خەڵکی ئەو ناوچانە[٢] و چیدی وەك بزوتنەوەیەك، کە رەنگدانەوەی هەڵوێستی ئەو خەڵکە بێ دژ بە هەڵوێست و کردەوەی ئابوری و سیاسییەکانی سەنتەر دەرنەدەکەوتن، ئەوەندەی خەسڵەتی جەردەیی و تاڵانکاری بەسەریدا زاڵ ببوو.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە سەرهەڵدانی هێزێکی سیاسی لەناوچەکە، کە خۆی لە دەسەڵاتی حەمدانییەکان[٣] دەبینییەوە، تاڕادەیەك سنوری بۆ چالاکی ئەوان داناوە[٤]، لەهەمان کاتدا کاریگەری بەسەر ئەو زەمینە کۆمەڵایەتییەشەوە هەبووە کە پێشتر ئیسلامی خەواریجی تیایدا برەوی بەخۆی دەدا، لایەنی کەم حەمدانییەکان توانیویانە پەیوەندی سیاسی — کۆمەڵایەتی پتەو لەگەڵ خێڵە کوردیەکانی ئەوێ دابمەزرێنن و پاڵپشتیان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن[٥].

بێگومان بێ بەرنامەیی و شکستی سیاسی، وادەکات لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا پشتی لێ بکرێ، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ دەبێ بە ئاراستەی لاوازبوون و پاشانیش نەمانی تێگەیشتنی خەواریجییانە بۆ ئایین لە زەمینە جوگرافییەکەدا. هەر بۆیە لێرە بەدواوە باسی پاشماوەی خەواریج، لە هەرێمی جەزیرەوە تا شارەزوور، لە ئارادا نامێنێ. ئەگەرچی دەشێ هێندێکیان وەك گرۆی ئایینی بچووك و تەنانەت داخراو بەسەر

---

[١] لەبارەی ئەم بزوتنەوانە بگەڕێوە بۆ: المسعودي: مروج الذهب، ج٣، ص١٤٧. ابن الأثير: الكامل،ج٦، ص٣٥٦-٣٥٧.

[٢] ابن الأثير: الكامل،ج٦، ص٣٥٦-٣٥٧.

[٣] حەمدانییەکان: یەکێك لە تیرەکانی تەغلوبی کوڕی وائیلی عەدنانین. لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٩٣-٣٩٢ك/٩٠٥-١٠٠١ز) توانیان حوکمڕانی ناوچەیەکی بەرفراوانی هەرێمی جەزیرە و وڵاتی شام بکەن، بەتایبەت ناوچە کوردییەکان. لەبارەیانەوە بڕوانە: فيصل السامر: الدولة الحمدانية في الموصل و حلب، مطبعة الإيمان، بغداد، ١٩٧٠، ج١، ص ص٣٨-٤٤.

[٤] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە بگەڕێوە بۆ: فيصل السامر: الدولة الحمدانية، ج١، ص ص ١٨١-١٨٦.

[٥] سەبارەت بە هەندێ لایەنی پەیوەندی کورد و حەمدانییەکان بڕوانە: الصولي: قسم، ص١٨٣-١٨٤. القرطبي: صلة، ص٤٤. التنوخي: نشوار المحاضرة و اخبار المذاكرة، تحقيق: عبود الشالجي، دار صادر، بيروت، ١٩٧١، ج٣، ص٢٢.

خۆياندا، تا قۆناغێكی درەنگتر، هەر مابنەوە، بەڵام مەودايەك نـەبووە بـۆ خـۆ دەرخسـتن و دەوروبـەريش لـەبار نەماوە بۆ گەشەسەندن. ئەوەتا ئـيبن حەوقـەل، كـە خـۆی خـەڵكی هـەرێمی جەزيرەيـە، ئامـاژەی بـۆ پاشمـاوەی خەواريجی لەوێ نەكردوە، تەنيا لە بەوازيج[1] نەبێ[2].

## سێيەم: نەگونجانی كاری سياسی لەگەڵ باوەڕی ئـايينی لـە ئـەزموونی دەيسـەمی كـوڕی ئيبراهيمـی كوردی

داخرانی باوەڕی خەواريجی بەسەر بنەماكانی خۆی، نەخاسمە لە كـاری سياسـيدا، بەتايبـەت مەسـەلەی ياخيبوون لە دەسەڵات و ڕەتكردنەوەی سەنتەرێتييەكەی، لە سەدەی چـوارەمی كۆچـی/ دەيـەمی زايينـی، وەك تێزێكی سياسی بەهای پێشتری نەما، بەتايبەت ئەو پارچەپارچەييەی بەرەبـەرە دەسـەڵاتی ناوەنـدی تێيدەكـەوت و ئەو لاوازييەی دەزگای خەلافەت بەخۆوەی دەبينی لەو بەهايەی كـەمكردەوە، چـونكە ئـەم لاوازيـە بـە كـردار سەنتەرێتييەكەی لەق كرد و پاڵنەری ڕووبەڕووبوونـەوەی لاوازكـرد. هاوكـات فـەرمانڕەواييش گـۆڕانی ريشـەيی بەسەردا هات، بەتايبەت لەدوای سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سياسی سەربەخۆ و نيمچـە سـەربەخۆ لـە كـەنارەكانی دەوڵەت، كە پاڵنەر بوو بۆ خەواريجەكانيش تا ڕوو لەو كەنارە دووردەستانە بكەن و لەوێـدا هـەوڵی دامەزرانـدنی دەسـەڵاتدارێتی خۆيـان بـدەن، وەك لـە مـەغريبی جيهـانی ئيسـلامی و هەنـدێك ناوچـەی وڵاتـی فـارس وايانكرد[3].

سـەبارەت بـە وڵاتـی كـوردان، ئـەوا — وەك پێشـتريش ئاماژەمـان پێـدا - بەشـێكی زۆری ناوچـە خەواريجييەكان — كەم تا زۆر — نزيك بە سنورەكانی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی سـەنتەر بـوون، بەشێكيشـی ببـووە گۆڕەپانی بەريەككەوتنی هێزە سياسييە تازە دەركەوتووەكان[4]. بێگومـان بەمـەش كـاری كـوردە خەواريجـەكان لە پێناو جەختكردنەوە لەسەر شوناسی ئايينی لەلايـەك و دامەزرانـدنی قـەوارەی سياسـی تايبـەت لەلايـەكی ترەوە، ئەستەم ببوو. بەتايبەتيش كێشەی گونجاندنی ئەم دووانە؛ باوەڕی ئـايينی و كـاری سياسـی. كەسـێك كـە خۆی لەنێو ئەم گێژاوەدا بينيبێتەوە دەيسەمی كوڕی ئيبراهيمی كوردی بوو.

دەيسەم لە كاتێكدا دەست بە چالاكی دەكات كە ڕەوشی هەرێمی ئـاذربێجـان و دەوروبـەری لـەبار بـوو بۆ بزاوت و تەنانەت دەسەڵاتدارێتی سەربەخۆ، بەتايبەت كـە لـەدوای كـوژرانی والی هەرێمەكـە يوسـفی كـوڕی ئەبولساج لە سـاڵی (٣١٥ك/٩٢٨ز)، ڕێگـە بـۆ هێـزە ناوخۆييـەكان خـۆش بـوو تـا هەريەكـەو لەبەرژەوەنـدی

---

[1] بەوازيج: كەوتۆتە سەر زێی بچووك لەبەری ڕۆژئاوا، لەو شوێنەی كە دەرژێتە نێو ديجلە، نزيك بە تكريت و سەر بە شاری موصل بووە. ياقوت الحموي: معجم البلدان، مج١، ص٥٠٣.

[2] صورة الأرض، ص ٢٠٣.

[3] محمود اسماعيل: الخوارج، ص٢٣١.

[4] حسام الدين علي غالب النقشبندي: الكُرد في لُرستان الصغرى ، ص ص١٣١-١٣٦. قادر محمد حسن: الإمارات الكوردية في العهد البـويهي — دراسة في علاقاتها السياسية و الإقتصادية، مؤسسة موكرياني، اربيل، ٢٠١١، ص ص٦٢-٦٧.

خۆیەوە کاربکات. ئیدی ئەمە دەستپێکی ئەو قۆناغە دەبێ کە ڕۆژهەڵاتناسی ناودار ڤلادیمێر مینۆرسکی بە "دابڕانی ئێرانی – Iranian Intermezzo" ناوی دەبات، کە قۆناغی بەرفرەبوونی ڕۆڵی هەریەك لە دەیلەم و کوردەکانە لە پانتایی ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامیدا[1].

بەهەرحاڵ ئێمە لێرەدا ناخوازین ئەو ڕووداوانە بخەینە بەرباس کە لە ئاکامیاندا دەیسەم دەبێتە یەکێك لە کەسایەتییە هەرە بالاکانی دەڤەرەکە[2]، چونکە پێشتر لەلایەن چەندین توێژەرەوە ئەم بابەتە خراوەتەڕوو[3]، بەڵکو تەنیا جەخت لەسەر ئەو لایەنەی بزاڤەکەی دەکەینەوە کە تیایدا باوەڕە ئایینیەکە لە نێو کردەی سیاسیدا بەرجەستە دەبێ.

وادیارە دەیسەم هەر لە دەستپێکی بزاڤەکەیەوە ئەوەی لەبەرچاو گرتووە لە بزاڤێکی خودان ڕەهەندی یاخیانەوە بیگوازێتەوە بۆ سیستەمێکی دەسەڵاتییانەی جێگیر، کە لە چوارچێوەی سنورێکی دیاریکراوی جوگرافییەوە حوکمڕانی بکات. بەڵام بێگومان ئەو تێگەیشتنە پرۆسەی گەشەپێدانی دەسەڵاتدارێتی لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتی خودی بزاڤەکەدا ڕێکنەدەهاتەوە؛ بەتایبەت ئەو کوردە خەواریجانەی لەگەڵ باوکیدا ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتبوو و هاتبوونە ئاذربێجان و لە ئێستاشدا بڕبڕەی پشتی سوپاکەی ئەویان پێکدەهێنا و هێشتا ڕۆحی یاخیبوون بەسەریاندا زاڵە و لە ماوەیەکی کەمدا و بەسەرکردایەتی ئەو توانیویانە ناوچەیەکی بەرفرەی هەرێمەکە و دەوروبەری بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. بەڵام لێرە بەدواوە دابڕان لە نێوان ئەو سەرکردەیە و سوپا بە خەسڵەت یاخییەکەی دروست دەبێ؛ جۆرێك لە نەگونجان لەنێوان سیستەمی خێڵەکی ئەوان و ئارەزووی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی هەژموونگەر بەسەر ئەو سیستەمە دەردەکەوێ. بەدەستەواژەیەکی تر، سروشتی سوپاکەی ئەو – بەهۆی پەیوەندی تەواوکارییانەی یاخیبوونی خێڵەکی و یاخیبوونی خەوارجییانە – هێشتا سروشتی دەستبەسەرداگرتن و پابەند نەبوونە، کە ئەمەش کێشە بۆ هەوڵی خۆگونجاندنی دەیسەم لەگەڵ ڕەوشە تازەکە دروست دەکات[4]. بەپێی ووتەی مسکەوەیەی مێژوونوس کێشەی بەرزەفتکردنی کوردەکان لەساڵی (٣٣٠ك/٩٤٢ز) دەستی پێکرد، ئەوان زێدەڕۆییان کرد و ئەویش بۆ بەرگرتن لەم کارەیان پشتی بە ڕەگەزی دەیلەم بەست و هێندێك لەوانی هێنایە ریزی سوپاکەی و توانی تاڕادەیەك سنورێك بۆ ئەم چالاکییانەی کوردەکان دابنێ، ئەمەش لەمیانەی دەستبەسەرکردنی چەند سەرکردەیەکیان و لێسەندنەوەی ئەو زەوییانەی زەوتیان کردبوو[5].

---

(١) Studies in Caucasian history, Cambridge University Press, 1957, p.111

(٢) المسعودي: مروج، ج٣، ص١١٠.

(٣) بۆ نموونە بڕوانە: زرار صديق توفيق: الكورد في العصر العباسي، ص ص ١٥٥-١٦٥. قادر محمد حسن: الإمارات الكوردية، ص ص٢٣-٣١.

(٤) بڕوانە: مسكويه: تجارب، ج٦، ص٦٢.

(٥) مسكويه: تجارب، ج٦، ص٣٦٢. هەروەها بڕوانە: ابن الأثير: الكامل، ج٦، ص٤٦٩.

جگە لەمــە ئەگــەر دەیســەم دەیویســت دەســەڵاتدارێتییەکی سیاســی —کــارگێڕی دابمــەزرێنێ، ئــەوا پێویستی بەوە بــوو پشــت بــە کەســانێك ببەســتێ، کــە لــە بــواری بەڕێوەبردنــدا شــارەزاییان هەبووایــە. بــەڵام لەوەناچێ ئەمجۆرە کەسانە لەنێو لایەنگرە کوردەکانی هــەبووبن، بۆیــە هانــای بردۆتــە بــەر کەســانی تــری خــاوەن ئــەزموون، وەك نوســەرەکەی عــەلی کــوڕی جەعفــەر و وەزیرەکــەی ئــەبو عەبــدوڵا محەمــەد کــوڕی ئەحمــەدی نوعەیمی[1].

ئــەو پەرەســەندنانەی ئاڕاســتەی چــالاکییەکانی دەیســەم، مانــای ئەوەیــە بەرەبــەرە لــە ســەرکردەیەکی خەواریجی نەیار بەدەسەڵاتەوە بۆتە میرێکی فەرمانڕەوا، کــە پەیوەســتە بــەو زەمینــەی لێــی بەرپرســیارە، بۆیــە بەوە بووە — بەپێی ئەو رێسایانەی لەو سەردەمدا باو بوو — رەوایەتی بــۆ دەســەڵاتەکەی فەراهــەم بکــات. بۆیــە کاتێك هەر لە ساڵی (٣٣٠ك/٩٤٢ز) دراو بــەناوی خــۆی لێــدەدا، لــەپاڵ ناوەکــەی نــاوی خەلیفــەی عەبباســی المتقی (٣٢٩-٣٣٣ك/٩٤١-٩٤٥ز)یشی لەســەر دەنوســێ[2]، کــە بێگومــان ئەمــەش داننانــە بــە دەســەڵاتی خەلیفە، تەنانەت ئەگەر بریتیش بێت لە دانپێدانانێکی رەمزی، کە مەبــەس لێــی رازیکردنــی دەزگــای سیاســی — ئاییــنی خەلافەت بەو قەوارە نوێیە. کاتێك سەرکردەیەکی خەواریجی ئــاوا دان بــە ســەروەرێتی بــاڵای خەلیفــە دادەنێ، ئەوە بەمانای ئەوە دێت تاڕادەیەك دەستی لە تێزە بنەڕەتییەکانی نێو بــاوەڕی خــەواریجی هــەڵگرتووە — لەسەرووی هەمووشیانەوە روبەروبوونەوەی دەسەڵاتی "ئیمامی ستەمکار"- و کەمتر کەســێتی خەواریجییانــەی خۆی لە کردەی سیاسیدا زاڵدەکات، ئەگەرچی ئەم کەسێتییەی لــەو قۆناغەشــدا کێشــەی بــۆ دروســت کردبــوو؛ ئەوەتا دەبینین هانا بردنە بەر رەگەزی دەیلــەم و خــەواریجبوون بەیەکــەوە نــەدەگونجا، بەتایبــەت کــە دەیلەمــەکان لەو قۆناغەدا بەگشتی مەیلیان بــەلای شــیعەگەری —بــاطنی بــوو، بۆیــە لــەنێو ســوپا نوێیەکەیــدا کەســانێك هەبوون بە رێبازە ئایینیەکەی ئەو رازی نەبوون و لەکاتی چارەنووســازدا لەبــەر ئــەم هۆکــارە ئایینیــە پشــتیان لێ کردووە[3]. هــەروەها ئەوکەســانەی کــە لــە بــواری کــارگێڕیش پشــتی پــێ بەســتبوون، ئەوەنــدەی پەرۆشــی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بــوو، ئەوەنــدە لــەپێناو دەســەڵاتدارێتییەکەی ئــەو کاریــان نــەدەکرد، ئەمــە ســەرباری ئەوەی شیعە بوون و دژایەتی خۆیــان بــۆ رێــازە ئایینیەکــەی نەشــاردۆتەوە، بەتایبــەت وەزیرەکــەی، هــەر بۆیــە پشــتیان لێ کــردووە و هاوکــاری نــەیارەکانی، بەتایبــەت ســالارییە دەیلەمییــەکان و ســەرکردەکەیان مــەرزەبان کوڕی محەمــەدیان کــردووە، بەمــەش دەســەڵاتدارێتییەکەی لــە ئــاذربێجــان شکســت دێنــێ و بــەهۆی فشــاری سالارییەکان ناچار دەبێ ناوچەکە بەجێبهێڵێ[4].

[1] مسکویه: تجارب، ج٦، ص ٦٣-٦٤.

[2] آرام تیرغیوفونیان: دراسات استشراقیة حول العلاقات الأرمنیة —العربیة، ت: الکسندر کشیشان، دار النهج، حلب، ٢٠٠٧، ص٢٤.

[3] مسکویه: تجارب، ج٦، ص٦٤.

[4] مسکویه: تجارب، ج٦، ص٦٤-٦٥. ابن الأثیر: الکامل،ج٦، ص٤٦٩.

بێگومــان هەڵــەکانی دەیســەم ڕەنگدانــەوەی نەشــارەزاییەتی لــە حــوکمڕانی و کــەمی ئــەزموونی کارگێڕییــە، وەك مســکەوەییە هەڵیدەســەنگێنێ[1]، بــەڵام خــۆ خەواریجبوونیشــی کێشــەی بــۆ ناوەتــەوە، بۆیــە لەوەدەچێ هەر لەو قۆناغە بێت دەستی لــەو بــاوەڕە هــەڵگرتبێ، ئەمــە لــە قســەی مەســعودی دەخوێنرێتــەوە، کاتێك لە شوێن و ناوچەی خەواریجەکان لەوانەش خەواریجەکانی ئــاذربیجــان دەدوێ ئامــاژە بــۆ ئــەو گۆڕانــە لــە عەقیدەی دەیسەم دەکات[2].

هەرچۆنێك بێت، دەیسەمی کوڕی ئیبراهیم، ئەگەرچی چەند جارێکی تــریش هەوڵیــدا دەســەڵات پەیــدا بکاتەوە و چووە نێــو ململانێیــەکی درێژخایــەن لەگــەڵ هێزەکــانی ناوچــەکە، تەنانــەت هانــای بــردەوە بــەر ئــەو کوردانەش کــە پشــتی لێ کردبــوون، بــەڵام شکســت دێنــێ و دەســتکەوتێکی ئــەوتۆی نابــێ، تــا دواجــار لــە ساڵی(٣٤٦ك/٩٥٧ز) سەری تیاچوو[3]. لەدوای بزوتنەوەکەی ئەو چیدی باسی چــاڵاکی کــوردە خەواریجــەکان لــە سەرچاوەکاندا نابینرێ و چارەنوســی ئــەم بــاوەڕە ئایینیــەی پــەیڕەویان دەکــرد چــۆنیەتی وازلێهێنــانی زۆر روون نییە، ئەگەرچی لەوەدەچێ بەرەبەرە — بە نەبوونی سەرکردە و بزوتنــەوەی سیاســی و ســەربازی — باوەڕەکــە کــاڵ بوویێتەوە و کوردەکان دەستیان لێ هــەڵگرتبێ، وەك ئــیبن حەوقــەلی گەڕیــدە لــە باســی کــوردە خەواریجــەکانی سەهرەوەرد ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێ وازیان لێ هێناوە[4]. ئەمــەش — لــەڕووی زەمەنیــەوە - دوا هەواڵێکــە کە لەبارەی پەیوەندی کوردەکان بە خەواریج لە بەردەست بێ.

---

[1] تجارب الأمم، ج٦، ص٦٨-٦٩.

[2] مروج الذهب، ج٣، ص١١٠.

[3] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کاروچاڵاکییەکانی دەیسەم لە قۆناغی کۆتایی ژیــانی بگــەڕێوە بــۆ: مسـکویە: تجـارب، ج٦، ص١٦٩-١٧٠، ١٨٣-١٨٧. قادر محمد حسن: الإمارات الكوردية، ص ص٢٣-٣١.

[4] صورة الأرض، ص٣١٤.

## سەرچاوەكان

## یەكەم: رەسەنەكان

### ١- عەرەبییەكان


ابن الأثير: عز الدين ابو الحسن علي الجزري (ت٦٣٠هـ/١٢٣٣م)

- الكامل في التاريخ، تحقيق: خليل مأمون شيحا، دار المعرفة بيروت، ٢٠٠٢.

الأسفراييني: ابو المظفر شاهفور بن ظاهر (ت٤٧١هـ/١٠٧٨م)

- التبصير في الدين و تمييز الفرقة الناجية عن الفرق الهالكين، تحقيق: كمال يوسف الحوت، عالم الكتب، بيروت، ١٩٨٣.

الأشعري: ابو الحسن علي بن اسماعيل (ت٣٢٤هـ/٩٣٦م)

- مقالات الإسلاميين و اختلاف المصلين، قدم له: نعيم زرزور، المكتبة العصرية، صيدا — بيروت، ٢٠٠٨.

الأصطخري: ابو اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسى (ت. بعد ٣٤٠هـ/٩٥١م)

- مسالك الممالك، دار صادر، بيروت، دون تاريخ.

ايليا برشنايا: (ت٤٣٧هـ/١٠٤٦م)

- تاريخ ايليا برشنايا، تعريب: يوسف حيي، بغداد، ١٩٧٥.

البغدادي: ابو المنصور عبد القاهر بن طاهر الأسفرايينى (ت٤٢٩هـ/١٠٣٨م)

- الفرق بين الفرق و بيان الفرقة الناجية منهم، تحقيق: لجنة احياء التراث العربي، بيروت، ١٩٨٧.

البلاذري: احمد بن يحيى بن جابر (ت٢٧٩هـ/٨٩٢م)

- جمل من أنساب الأشراف، تحقيق: سهيل زكار و رياض زركلي، دار الفكر، بيروت، ١٩٩٦.
- فتوح البلدان، حققه: عبد الله انيس الطباع و عمر انيس الطباع، مؤسسة المعارف، بيروت، ١٩٨٧.

التنوخي: ابو علي المحسن بن ابي القاسم (ت٣٨٤هـ/٩٩٤م)

- نشوار المحاضرة و اخبار المذاكرة، تحقيق: عبود الشالجي، دار صادر، بيروت، ١٩٧١.

الجاحظ: ابو عثمان عمرو بن بحر (ت ٢٥٥هـ/٨٦٩م)

- البيان و التبيين، تحقيق و شرح: عبد السلام محمد هارون، مكتبة الخانجي، القاهرة، الطبعة السابعة، ١٩٩٨.

ابن الجوزي: ابو الفرج عبد الرحمن بن علي (ت٥٩٥هـ/١٢٠٠م)

- المنتظم في تواريخ الملوك و الأمم، دراسة و تحقيق: محمد عبد القادر عطا و مصطفى عبد القادر عطى، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢.

ابن حوقل: ابو القاسم محمد بن علي النصيبي (ت ٣٦٧هـ/٩٧٨م)

- صورة الأرض، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٩٢.

ابن خلدون: ابو زيد عبد الرحمن بن محمد (ت ٨٠٨هـ/١٤٠٦م)

- مقدمة ابن خلدون، بتحقيق: علي عبد الواحد وافي، الطبعة الثالثة، دار نهضة مصر، القاهرة، ١٤٠١هـ.

السكسكي: ابو الفضل عباس بن منصور التريني (ت ٦٨٣هـ/١٢٨٤م)

- البرهان في معرفة عقائد الأديان، تحقيق: بسام علي سلامة العموش، الطبعة الثانية، مكتبة المنار، الأردن، ١٩٩٦.

الشهرستاني: ابو الفتح محمد بن عبد الكريم (ت ٥٤٨هـ/١١٥٣م)

- الملل و النحل، تخريج: محمد بن فتح الله بدران، ط٣، منشورات الشريف الرضي، قم، ١٣٦٤ه.ش.

الصولي: ابو بكر محمد بن يحيى (ت ٣٣٥هـ/٩٤٧م)

- قسم من اخبار المقتدر بالله العباسي، دراسة و تحقيق: خلف رشيد نعمان، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٩٩.

الطبري: ابو جعفر محمد بن جرير (ت٣١٠هـ/٩٢٣م)

- تاريخ الطبري، راجعه: نواف الجراح، الطبعة السادسة، دار صادر، بيروت، ٢٠٠٨.

ابن عبد البر: ابو عمر يوسف بن عبد الله النمري (ت ٤٦٣هـ/١٠٧٠م)

- التمهيد، تحقيق: مصطفى احمد و محمد عبد الكبير، منشورات وزارة عموم الأوقاف، الدار البيضاء، ١٣٨٧هـ.

ابو عمار الكافي: عبدالكافي بن أبي يعقوب بن إسماعيل التناوني (ت. قبل ٥٧٠هـ/١١٧٤م)

- الموجز في تحصيل السؤال وتلخيص المقال في الرد على أهل الخلاف، تحقيق: د. عمار الطالبي، الشركة الوطنية للجزائر، الجزائر، ١٣٩٨هـ.

قدامة بن جعفر: ابو الفرج الكاتب البغدادي (ت٣٣٧هـ/٩٤٨م)

- الخراج و صناعة الكتابة، شرح وتعليق: محمد حسين الزبيدي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨١.

القرطبي: عريب بن سعيد (ت ٣٦٦هـ/٩٧٧م)

- صلة تاريخ الطبري، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم، دار سويدان، بيروت، دون تاريخ.

المبرد: ابو العباس محمد بن يزيد (ت ٢٨٥هـ/٨٩٨م)

- الكامل في اللغة و الأدب، تحقيق: جمعة الحسن، دار المعرفة، بيروت، ٢٠٠٢.

مسعر بن مهلهل: ابو دلف مسعر بن مهلهل الخزرجي (ت٣٩٠هـ/١٠٠٠م)

- الرسالة الثانية، اعتنى بنشرها: و. مينورسكي، مطبعة جامعة القاهرة، القاهرة، ١٩٥٥.

المسعودي: ابو الحسن علي بن حسين بن علي (ت ٣٤٦هـ/٩٥٧م)

- التنبيه و الاشراف، منشورات دار مكتبة الهلال، بيروت، ١٩٨١.
- مروج الذهب و معادن الجوهر، تحقيق: سعيد محمد اللحام، دار الفكر، بيروت، ٢٠٠٠.

مسكويه: ابو علي احمد بن محمد الرازي(ت ٤٢١هـ/١٠٣٠م)

- تجارب الأمم و تعاقب الهمم، حققه: ابو القاسم امامي، دار سروش للطباعة النشر، طهران، ٢٠٠٠.

الملطي: محمد بن احمد بن عبد الرحمن (ت٣٧٧هـ/٩٨٧م)

- التنبيه و الرد على اهل الأهواء و البدع، تحقيق: محمد زينهم محمد عزب، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٣.

ابن النديم: محمد بن اسحق بن محمد (ت٣٨٣هـ/٩٣٣م)

- الفهرست، ضبطه: يوسف علي الطويل، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٢.

نصر بن مزاحم: ابو الفضل المنقري (ت٢١٢هـ/ ٨٢٧م)

- وقعة صفين، تحقيق و شرح: عبد السلام محمد هارون، دار الجيل، بيروت، ١٩٩٠.

النعماني: محمد بن ابراهيم بن ابي زينب الكاتب (ت٣٦٠هـ/ ٩٧١م)

- كتاب الغيبة، تحقيق: علي أكبر الغفاري، مكتبة الصدوق، طهران، دون تاريخ.

الهمداني: ابو محمد الحسن بن احمد (ت٣٣٤هـ/٩٤٥م)

- صفة جزيرة العرب، تحقيق: محمد بن علي الأكوع، الطبعة الثالثة، صنعاء، ١٩٨٣.

ياقوت الحموي: شهاب الدين ابو عبدالله ياقوت بن عبد الله الرومي البغدادي (ت ٦٢٦هـ/١٢٢٩م)

- معجم البلدان، الطبعة الثانية، دار صادر، بيروت، ١٩٩٥.

اليعقوبي: احمد بن واضح بن جعفر بن وهب(ت. بعد ٢٩٢هـ/٩٠٥م)

- تاريخ اليعقوبي، علَق عليه: خليل منصور، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٩.

ابو يوسف: يعقوب بن ابراهيم (ت١٩٢هـ/٨٠٨م)

- كتاب الخراج، منشور ضمن: في التراث الإقتصادي الإسلامي، بيروت، ١٩٩٠.

## ٢- فارسييه‌كان

مؤلف مجهول: (تأليف در ٧٢٥هـ/١٣٢٤م)

- تاريخ سيستان، بتصحيح: ملك الشعراء محمد تقي بهار، گلاله خاور، تهران، ١٣١٤هـ.ش.

## دووەم: سەرچاوە نوێیەکان

### ١- عەرەبییەکان

آرام تيرغيو فونيان

- دراسات استشراقية حول العلاقات الأرمنية – العربية، ت: الكسندر كشيشان، دار النهج، حلب، ٢٠٠٧.

احمد معيطة:

- الإسلام الخوارجي – قراءة في الفكر و الفن و نصوص مختارة، الطبعة الثانية، دار التكوين، دمشق، ٢٠٠٦.

احمد ملا خليل:

- من آذربيجان الى لالش، تحقيق و تعليق: خليل جندي، دار سپيريز، دهوك، ٢٠٠٦.

توفيق وهبي بك:

- الآثار الكاملة، إعداد: رفيق صالح، مؤسسة ذين، السليمانية، ٢٠٠٦.

حسام الدين علي غالب النقشبندي:

- الكُرد في لُرستان الصغرى (الشمالية) و شهرزور خلال العصر الوسيط، مؤسسة ژين، السليمانية، ٢٠١١.

حيدر لشكري:

- الكرد في المعرفة التاريخية الإسلامية – دراسة تحليلية نقدية، دار سپيرێز، دهوك، ٢٠٠٤.

رضوان السيد:

- الجماعة والمجتمع و الدولة – سلطة الأيديولوجيا في المجال السياسي العربي الأسلامي، الطبعة الثانية، دار الكتاب العربي، بيروت، ٢٠٠٧.

زرار صديق توفيق:

- القبائل والزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر، اربيل، ٢٠٠٧.
- الكورد في العصر العباسي حتى مجيء البويهيين (١٣٢-٣٣٤هـ/٧٤٩-٩٤٦ز)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٩٤.

فائزة محمد عزت

- الكرد في إقليم الجزيرة و شهرزور في صدر الإسلام(١٦-١٣٢هـ/٦٣٧-٧٤٩م) دراسة في التاريخ السياسي، مطبعة خاني، دهوك، دون تاريخ.

فيصل السامر

- الدولة الحمدانية في الموصل و حلب، مطبعة الإيمان، بغداد، ١٩٧٠.

عبد اللطيف بن عبدالقادر الحفظي:

- تأثير المعتزلة في الخوارج و الشيعة، دار الأندلس، جدة، ٢٠٠٠.

قادر محمد حسن

- الإمارات الكوردية في العهد البويهي – دراسة في علاقاتها السياسية و الإقتصادية، مؤسسة موكرياني، اربيل، ٢٠١١.

لطيفة البكاي

- حركة الخوارج – نشأتها و تطورها الى نهاية العهد الأموي، الطبعة الثانية، دار الطليعة، بيروت، ٢٠٠٧.

عبد الماجود احمد السلمان

- الموصل في العهدين الراشدي و الأموي، مكتبة بسام، الموصل، ١٩٨٥.

محمود اسماعيل:

- الخوارج في بلاد المغرب حتى منتصف القرن الرابع الهجري، الطبعة الثانية، دار الثقافة ، الدار البيضاء، ١٩٨٥.

نايف محمود معروف:

- الخوارج في العصر الأموي – نشأتهم، تاريخهم، عقائدهم، أدبهم، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٧.

## ٢- کوردییەکان

ئارشاك پۆلادیان:

- کورد لەسەرچاوە عەرەبییەکاندا، و: ئازاد عوبێد ساڵح، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٠.

زرار صدیق توفیق:

- کورد و کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا (١٦-٦٥٦ك/٦٣٧-١٢٥٨ز)، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٠.

### ٣- ئینگلیزییەکان


W.Montgomery Watt:

- Islamic philosophy and theology – an Extended survey, second edition, Edinburgh university press, Edinburgh, 1985.

Tarif khalidi:

- Arabic Historical Thought in the Classical Period, Cambridge, Cambridge University Press, 1994

V.Minorsky:

- Studies in Caucasian history, Cambridge University Press, 1957.

W.Madelung:

- -Sufriyya, The Encyclopaedia of Islam, new edition, E. J. Brill, Leiden.

M.A.Shaban:

- Islamic history, AD 750-1055 (AH 132-448) - A New Interpretation, Cambridge university press, 1995, V.2, p. 115.

ملخص البحث

الخوارج في بلاد الكورد
من تأسيس الهوية الدينية الى الفشل السياسي
(٢٥٢-٣٤٦هـ/٨٦٦-٩٥٧م)

مرت العلاقة بين الكورد و الخوارج بمراحل مختلفة، و كانت لكل مرحلة منها خصائصها و مميزاتها. وقد تحولت هذه العلاقة منذ منتصف القرن الثالث الهجري/ التاسع الميلادي من علاقة سياسية الى دينية – إجتماعية، وقد اندمجت جماعة من الكورد و بشكل تام بالرؤية الدينية لهذه الفرقة و تعاملوا مع الآخرين وفقاً لطروحات و أفكار هؤلاء، بل وصلت بهم الأمر الى المشاركة في إنتاج التراث الديني للخوارج و اصبح البعض منهم قادة للحركة في المجالين السياسي و الثقافي. ولكن هذه التغييرات واكبت تغييرات اكبر على مستوى العالم الإسلامي في المجال السياسي خاصة تفكك الدولة المركزية و ضعف سلطتها على المناطق الكوردية، ولم يستطع قادة حركة الخوارج - من الكورد و غيرهم - الموازنة بين معتقداتهم الدينية و عملهم السياسي، مما أدى الى فشل الخوارج في تأسيس كيان خاص لهم و بالتالي آلت عقيدتهم الى الزوال.

Abstract

Kharijites in the land of the Kurds
From the establishment of religious identity to political failure
(252-346AH/ 866-957AD)

The relationship between the Kurds and the Kharijites passed various stages, and each stage had its characteristics and advantages. since the mid-third century AH / ninth century AD, this relation turned from political to the religious – social relationship, even group of Kurds were fully merged with religious vision of this band and dealt with others, according to their proposals and ideas. Not only this but reached up to participate in the production of religious heritage of the Kharijites and some of them have become leaders of the movement. But these changes coincided with broader changes in the whole Islamic world in the political sphere especially the disintegration of the central state and as a result the weakness of its authority on regions, including the Kurdish regions. In turn the leaders of the Kharijites - from Kurds and others - could not the balance between their religious beliefs and their political, leading to the failure of the Kharijites in establishing private entity to them and thus devolved faith to wane.